دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٤٩٥

www. kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ● دووشەممە ١٥ی ڕەزبەری ١٣٨٧ ـ ٦ی ئۆکتوبری ٢٠٠٨ـ ١٥٠ تمەن

سیاسی



سیاسەتی باراک ئۆباما کاندیدای دێموکراتەکان..

سیاسی



مانگرتنی زیندانیانی سیاسی و مەدەنی...

کوردستانی



لەئەدمۆنزەوە بۆ دیمستۆرا لەپێوەندی لەگەڵ..

کۆمەڵایەتی



برینەکان چووکەن و ریشەکەیان قووڵە

### سەرەڕای گوشارو ساختەکارییەکانی رێژیم

# شەش حەوتوویە مانگرتن بەردەوامە

نامە ساختەکە وەدرۆ خرایەوە

دادخاە : مانگرتنی بەندیە سیاسییەکان بەربڵاوە




مانگرتنی بەندییە سیاسییە کوردەکان سەرەڕای هەموو گوشارەکانی بەندییەوانان و سانسۆری هەواڵ و تەنانەت ساختەکاریی راگەیەنەکانی سەر بە رێژیم هەروا درێژەی هەیەو شەش حەوتووی پڕ کردۆتەوە.

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی نامەیەك بە واژۆی "کۆمەڵێك لە دڵسۆزان و چالاکانی مافەکانی مرۆڤ" کە چەند رۆژ لەمەوبەر بۆ ئادرێسە جۆراوجۆرەکان و سایتە ئینتێرنێتییەکان نێردرابوو و لەودا مانگرتنی بەندییە سیاسییە کوردەکان بە درۆ لە قەڵەم درابوو، ژمارەیەك لە پارێزەران، کەسایەتییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و هەروەها کۆمیتەی داکۆکی لە بەندییە مانگرتووەکان لەسەر راستیی مانگرتن لە خواردنی بەندییە کوردەکان پێیان داگرتەوەو سێ کەس ؛ە پارێزەران کە نامەکە بە واژۆی ئەوانەوە بڵاو کراوبۆوە نامەکەیان بە ساختە لە قەڵەم دا. لەم بارەیەوە محەممەد عەلی دادخاە پارێزەرو ئەندامی ناوەندی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ پێداگریی لەسەر ئەوە کردەوە "مانگرتنەکە بەگشتی بەربڵاوە." عەبدولکەریم لاهیجی مافزان و جێگری سەرۆکی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆمەڵەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤیش روونی کردۆتەوە هیچ گومانێك لە راستیی مانگرتن لە نێو بەندیخانەکانی کوردستان دا نیە. ناوبراو هەروەها ئاماژەی بەوەش کردوە کە ژمارەیەك لە بەندییەکان بۆ شارە جۆراوجۆرەکان لەوانە تاران راگوێزراون، لەگەڵ بنەماڵەو پارێزەرەکانیان چاوپێکەوتنیان نیە یان لە بەندی تاکەکەسی یان لەو بەندانە دان کە ناکرێ هەواڵیان لێ دەست بکەوێ.

شایانی باسە بەپێی ئەو هەواڵانەی لە سنەوە دەگەن سێ کەس لە ژنە مانگرتووەکان بە ناوەکانی رووناك سەفازادە، هانا عەبدی و فاتمە گوفتاری بۆ ماوەی سێ حەوتوو چاوپێکەوتنیان لێ قەدەغە کراوەو بۆ بەندی تاکەکەسی راگوێزراون.

بێرنارد کوشنێر:

## ئیسرائیل خۆی بۆ پەلاماردانی ئێران ئامادە دەکا



بێرنارد کوشنێر وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرانسە کە چۆتە ئیسرائیل، وتی کە "ئیسرائیل خۆی بۆ پەلاماری ئێران ئامادە دەکا".

ئەو لە وتووێژێك دا لەگەڵ رۆژنامەی ئیسرائیلی "هائارتس" وتی: دەزانم کە لە ئیسرائیل و سوپای ئەم وڵاتەدا، کەسانێك ئامادەکاری بۆ رێگاچارەی نیزامی و رەنگە پەلامارێك دەکەن. وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرانسە هەروەها گوتی: دامودەزگا هەواڵگری و تەناهییەکانی فەرانسە پێیان وایە کە ئێران دوو تا چوار ساڵی لەگەڵ گەیشتن بە بۆمبی ناوکی مەودا هەیە.

نیکولای سارکوزی، سەرۆك کۆماری فەرانسەش لەم دواییانەدا لە سەفەرێکدا کە بۆ سووریەی کردبوو گوتبووی: جیهان رۆژێك وەئاگا دێ و گوێی لێ دەبێ کە هێرش کراوەتە سەر دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران و باشتر وایە هەر کەسێك دەتوانێ، کاربەدەستانی تاران وریا کاتەوە کە واز لە گەڵاڵە ناوکییەکانیان بێنن.

کوشنێر هەر لەو وتووێژەدا ئەوەشی زیاد کردو گوتی: "هەموو لایەك دەزانێ کە بەر لەوەی ئێرانییەکان یەکەم بۆمبی خۆیان ببینن، ئیسرائیل هێرشیان دەکاتە سەر".

## با بە خۆیان نەڵێن نوێنەرانی کورد

عەولا بەهرامی

چەند رۆژ لەمەوبەر هەواڵێك لە میدیاکان دا بڵاو کرایەوە کە بە پێی ئەو نوێنەرانی کوردی مەجلیسی شوورای ئیسلامی داوایان لە مام جەلال تالەبانی سەرکۆماری عێراق کردوە هەوڵ بۆ ئازاد کردنی مەحموود فەرهادی بدا. فەرهادی کە یەکێك لە فەرماندەرە سەرەکییەکانی سوپای قودس و بەرپرسی چالاکییە سیخوری و تیرۆریستییەکانی سوپای قودس لە باشووری کوردستان و عێراق بوو، ساڵێك لەمەوبەر لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە لە شاری سلێمانی دەستبەسەر کرا.

ئەوە کە "نوێنەر"انی مەجلیس یان هەر کار بەدەستێکی رێژیم بۆ ئازادیی مۆرە تیرۆریستەکانیان لە دەست ئەمریکا هەوڵ بدەن شتێکی سەیر و نائاسایی نیە. بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا نائاسایی دەنوێنێ ئەوەیە ئەوان بەناوی نوێنەرانی کورد لە مەجلیس و لە ژێر دەمامکی کورد بوون دا دەیانهەوێ داوای ئازادیی تیرۆریستێك لە مام جەلال کە کوردێکە و سەرکۆماری ئێستای عێراقە بکەن کە بۆ زەبر لێدان و بنکۆڵ کردنی دەسکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستان و عێراقی داوای رزگاری لە دیکتاتۆری لە هەرێمی کوردستان و عێراق بە نهێنی و لە ژێر دەمامکی بازرگانیدا خەریکی کاری تێکدەرانە بوو. جگە لەمە ئەم "نوێنەرە کوردانە" هیواداریشن "کورد" بوونی ئەوان فریای ئەم تیرۆریستە گەورەیەی رێژیمەکەیان بکەوێ و فەرهادی بەم هەموو تاوانەوە ئازاد بکرێ!

لێرە دایە کە مرۆڤ لە کارو کردەوەی ئەم بەناو نوێنەرانە بە راستی سەری سوور دەمێنێ. ئایا ئەو بەناو نوێنەرە کوردانەی مەجلیس دەکرێ لە خۆیان بپرسن لە کاتێك دا ئەو خەڵکەی ئەوان لافی نوێنەرایەتییان لێ دەدەن هیچ کێشەیەکیان نیە تا ئەوان لەوپەڕی بێخەمیدا لە بیری ئازاد کردنی فەرهادی دا بن؟ ئایا ئەم "نوێنەر"انە نابینن کە چل رۆژە پتر لە سەد بەندیی سیاسیی کورد لە پەنا گوێیان مانیان لە خواردن گرتوە و داوای هەڵسوکەوتێکی شیاوی مرۆڤ و کۆتاییهێنان بە سەرکوت و زەبر و زەنگ لە دژی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و پێداچوونەوە بە حوکمە زاڵمانەکانی بەناو دادگاکانی رێژیم دەکەن و دەسەڵاتدارانی وڵات نەك گوێیان نادەنێ بەڵکوو سوورترن لە سەرکوت و ئاخنینی بەندیخانەکان لە تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنی؟ ئایا ئەوانە لە گوێی گادا نوستوون و نابینن رۆژ نیە لە شار و ناوچەکانی کوردستان دا لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمەوە تاوانێك لە دژی خەڵکی کورد ئەنجام نەدرێ کەچی ئەوان کە خۆیان بە نوێنەری خەڵکی کوردستان دەزانن چاویان نووقاندوەو گوێچکەیان ئاخنیوە.

ئەمانە و دەیان پرسیاری بێ وڵامی دیکە ئەوەمان پێ دەڵێن، ئەم جۆرە کەسانە بە راستی بۆ خۆش خزمەتی بە رێژیم و دەسخۆشانە گوتن بە دوژمنکاریی رێژیمی ئیسلامی لە گەڵ کورد مەجلیسن نەك بۆ نوێنەرایەتیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەمە راستییەکە لە مێژە سەلماوە. بۆیە پێویستە جارێکی دیکە بەم جۆرە کەسانە بگوترێ با بە خۆیان نەڵێن نوێنەرانی کورد، چونکە ئەوان بەشێکی جیانەکراوە لەو دەسەڵاتە رەشەن کە نزیکەی ٣٠ ساڵە بە هەموو شێوەیەك خەریکی سەرکوت و کوشتار و پاکتاوی فەرهەنگیی کوردە.

## هێنانی ژنانی تووشبوو بە ڤایرۆسی ئایدز بۆ کوردستان



ڤایروسی ئایدز لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانەوە دەهێنێتە کوردستان و بەمەبەستی تووش کردنی لاوانی کورد بە نرخێکی یەکجار کەم کاری لەشفرۆشییان پێدەکا.

وەك زانیارییەکان باس دەکەن ئەم باندە لەشفرۆشە کە لە لایەن جەلالی حەسەن گاوانییەوە پێك هاتووە، پێشتر لە شاری ورمێ خەریکی پەرەپێدان بەم کارە دزێوە بووو ماوەیەك لەمەوپێش لە سەر راسپاردەی رێژیم، هاتۆتە شاری مەهابادو وێڕای هێنانی ژنانی تووش بوو بە ڤایرۆسی ئایدز، بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نێو لاوانی ئەم شارەدا حەبی جۆراوجۆر بڵاو دەکاتەوە.

بە پێی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی لە شاری مەهابادەوە بە دەستمان گەیشتوون، ماوەیەکە باندێکی لەشفرۆش، ژنانی تووش بوو بە ڤایرۆسی ئایدز لە شارو ناوچەکانی ئێرانەوە دەهێنێتە شارەکانی کوردستان بەتایبەت شاری مەهابادو لەم رێگەیەوە دەیهەوێ لاوانی کورد تووشی نەخۆشیی جۆراوجۆرو یەك لەوان ئایدز بکا.

بە پێی هەواڵ ئەم باندە بە سەرپەرستیی کەسێك بە ناوی جەلالی حەسەن گاوانی، ژنانی تووش بوو بە

## سەردانی شاندێکی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان



رۆژی شەممە (١٢ رەزبەر) شاندێکی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێکهاتووە لە جان نێگرۆ پۆنتی جێگری وەزیری دەرەوە و رایان کرۆکێر، باڵویزی ئەمریکا لە بەغدا و تۆماس کراچسکی راوێژکاری باڵویزخانەی ئەمریکا لە عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد.

شاندی ناوبراو لە سەرەتای سەردانەکەی دا لەگەڵ پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو نۆێنەرانی پێکهاتەکانی شاری کەرکووك کۆبۆوە. لەم دیدارە دا شاندی ئەمریکا داوای لە پێکهاتەکانی کەرکووك کرد ناکۆکییەکانیان وەلانێن. جێگای ئاماژەیە ئەم شاندە دواتر لە بارەگای تایبەتی مام جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق لە هاوینەهەواری دوکان لەگەڵ ناوبراو کۆبۆوە. لەم دانیشتنە دا کە جێگری سەرۆك کۆمار تاریق هاشمی و جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق د. بەرهەم ساڵح ئامادە بوون دوایین گۆڕانکارییەکانی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان عێراق و ئەمریکا تاوتوێ کران.

شایانی باسە شاندی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دوانێوەرۆی هەمان رۆژ لە هاوێنەهەواری سەلاحەدین لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعوود بارزانی دیداریان کرد. لەم دیدارەدا پێوەندیی نێوان عێراق و ئەمریکا، رێککەوتنی ستراتیژیی ئەمریکا و عێراق، پێوەندی و کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کەوتنە بەرباس. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ئەم دیدارەدا لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی دا رای گەیاند: ماددەی ١٤٠ سنووری هەرێمی کوردستان دیاری دەکا.

# دەبیرخانەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران نیگەرانی خۆی سەبارەت بە چارەنووسی مانگرتووان دەربڕی

**دەبیرخانەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران لە راگەیەنراوێکدا نیگەرانی خۆی سەبارەت بە چارەنووسی بەندکراوانی مانگرتووی کورد دەربڕی.**

دەبیرخانەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە راگەیەنراوەکەی خۆیدا بارودۆخی زیندانیانی مانگرتووی کورد، بە تایبەت ئەوانەی کە هاووڵاتی ئێرانی نین بە نالەبارو پڕمەترسی وەسف کردووەو نووسیویەتی: "ژوورە تاکەکەسییەکانی بەندیخانەی ناوەندی ورمێ بە هۆی کۆنەبوون و شێداربوونییەوە، شوێنێکە کە نەخۆشییەکان تێیدا قووڵتر دەبنەوەو هەروەها توانای جەستەیی مرۆڤ رۆژبەرۆژ بەرەو لاوازی دەچێ. ئەو بەندییانەی کە رەگەزنامەی دەرەکییان هەیە، خزم و کەس و پارێزەریان لە ئێران نیەو هەروەها راگرتنیان لە ژووری تاکەکەسیدا، رای گشتی سەبارەت بە چارەنووسی ئەوانی بە تەواوەتی لە بێخەبەری دا راگرتووە. بەتایبەت ئەوانەی ئێستا ٣٩ رۆژە لە مانگرتن دان و بارودۆخی جەستەیی ئەوان روو لە خراپ بوون و لە بەر هەڕەشە دایە".

کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ لەو راگەیەنراوەدا هەروەها سەبارەت بە چارەنووسی هیدایەت غەزالی خوێندکاری بەندکراوی کوردو بەندکراوانی ئەهلی حەق لە بەندیخانەی ورمێ نیگەرانی دەربڕیوەو داوای کردووە کە بە داخوازییەکانی هەموو زیندانیانی مانگرتووی کورد وەڵام بدرێتەوەو مافەکانیان پێشێل نەکرێن.

شایانی باسە دەبیرخانەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران هەروەها لە راگەیەنراوێك دا بە بۆنەی رۆژی جیهانی مامۆستایان، دەسبەسەر کردنی مامۆستایان و دەرکردنی حوکمی ئێعدامی بۆ مامۆستای کورد فەرزاد کەمانگەری مەحکوم کردووەو داوای لە هەموو چالاکانی مافی مرۆڤ کردووە کە رۆژی ٥ی ئۆکتۆبر (رۆژی جیهانی مامۆستا) بە مەبەستی راکێشانی سەرنجی رای گشتی بۆ هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر ناڕەزایەتیی دەربڕن.

# هێزەکانی رێژیم هەڕەشە لەو کەسانە دەکەن کە هاوکاریی حدك دەکەن

**هێزەکانی رێژیم هەڕەشە دەکەن کە ئەگەر کەسێك هاوکاری حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگەکانی بکا، بە توندترین شێوە سزا دەدرێ و تەنانەت ئێعدام دەکرێ.**

به پێی ئەو زانیارییانەی کە لە شاری رەبەتەوە دەست "کوردستان" کەوتوون رۆژی ٤ی رەزبەر لە کۆبوونەوەیەك دا کە لە یەکێك لە مزگەوتەکانی ئەو شارە گیراوەو تێیدا بەرپرسانی ئیتلاعاتی و نیزامی رەبەت و فەرماندارو بەرپرسی ئیتلاعاتی سەردەشت بەشدار بوون، هەڕەشەیان لە خەڵك کردووە کە ئەگەر کەسێك هاوکاری حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگەکانی بکا ئەوا بە توندترین شێوە سزا دەدرێ و تەنانەت حووکمی ئێعدامی بۆ دەردەچێ. هەروەها لە چەند رۆژی رابردوودا جاش و بەکرێگیراوان رێژیم لە نێو خەڵك دا بلاو دەکەنەوە.

لە لایەکی دیکەوە لە بۆکانەوە هەواڵمان پێگەیشتووە کە جموجۆڵی هێزەکانی رێژیم لەو شارەش پەرەی سەندووەو رۆژانە هێزەکانی سەر بە سوپای پاسداران بە هاوکاری جاش و بەکرێگیراوان دەچنە ئاواییەکانی دەرووبەرو بە قسەی خۆیان شوێن پێی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات هەڵدەگرن. هەر بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە بۆکانەوە دەستمان کەوتوون رێژیم لە ناوچەی ئاڵەشین و هەروەها گوندەکانی حاجی حەسەن و کەلبەڕەزاخان بەسیجییەکانی چەکدار کردووەو هەرکام دەزگایەکی بێسیم و چەك و برێك فیشەکی داونەتەو رایسپاردوون کە هەر چەشنە جموجۆڵێك بە تەواوی کۆنترۆڵ بکەن.

لە شاری شنۆش هەواڵ بە "کوردستان " گەیشتووە کە چەکدارانی رێژیم دەچنە گوندەکان و خۆیان بە پێشمەرگە دەناسێنن کە لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دابڕاون و داوای هاوکاری لە خەڵك دەکەن. بە پێی سەرچاوەی هەواڵی "کوردستان و کورد" مەبەست لەم کارەی چەکدارانی رێژیم شوێن پێ هەڵگرتنی پێشمەرگەیە. هەر لەم پێوەندییەدا زانرا کە لە گوندی پووشاوێ دوو لاو بە ناوەکانی یاسر کوڕی شەهید عومەر شەریفی و عەبدوڵلا کوڕی تاهیر مەلا مەناف دەسبەسەرو رەوانەی بەندیخانە کراون.

هەروەها لە شاری مهاباد هێزە لیباس شەخسییەکان شەوانە بە شێوەیەکی بەرچاو بە تایبەت لە چوارڕای مەلەوی، مەیدانی ئیستقلال و پشت تەپ هاتووچۆ دەکەن و جموجۆڵی خەڵك چاوەدێری دەکەن.

یەکێك لە بەرپرسانی ئیدارەی ئیتلاعات بە ناوی ئیلهامی کە دەوترێ بەرپرسی دۆزی حیزبی دیموکراتی کوردستانە لەو ئیدارەیەدا شەوانە هاوڕێ لەگەڵ چەند ماتۆرسوارێکی چەکدار بە شەقامەکان و شوێنە گشتییەکاندا دەسووڕێنەوە.

لەمبارەیەوە سەبارەت بە دەسبەسەرکردنی خەڵك هیچ زانیارییەکمان بەردەست نەکەوتووە.

# مەسعوود کورد پور سەر لە نوێ دادگایی کرایەوە

مەسعوود کوردپور چالاکی سیاسی و رۆژنامەوانی کورد رۆژی دووشەمەی رابردوو سەر لە نوێ دادگایی کرایەوە. لەو دانیشتنەی دادگادا بە سکاڵای دوو کارمەندی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش بە ناوەکانی ئیبراهیم شەریف و کامیل کەریمی پێڕاگەیشتن کرا. دەوترێ ئەو دوو کەسە سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری بۆکانن.



کوردپور لە دانیشتنی دادگادا زۆر بە توندی و بوێرانە بەرگریی لە خۆی کردووە و بە ئیبراهیم شەریف و کامیل کەریمی وتووە کە ئێوە فێر کراوی ئیدارەی ئیتلاعاتن و بۆیە پێتان دەڵێن دەست لە جاشایەتی هەڵگرن.

شایانی باسە کامیل کەریمی هاوکات ئەندامی شورای شاری بۆکانە و هەروەها ئیبراهیم شەریف برای یوسف شەریفە کە ئەویش مۆرەیەکی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتە.

# بەشداریی نوێنەری حیزب لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری بریتانیادا




لەژێر دروشمی "بەربەرەکانێ بۆ سەرکەوتنی داهاتوی بریتانیا"، حیزبی کرێکار کە ئێستا سەرۆکایەتی دەوڵەتی بریتانیا دەکا، لە رۆژانی ٢٠ تا ٢٤ سپتامبری ٢٠٠٨ لەشاری مەنچستەر کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی بەست.

لە سەر بانگهێشتی حیزبی کرێکار، کاك مەولود سوارە، نوێنەری حیزب لە بریتانیا بەشداری ئەم کۆنفرانسە بوو.


نوێنەری حیزب لەو کۆنفرانسەدا چاوی بە زۆر کەس و لایەن و کەسایەتییەکانی بەشدار لە وانە بەڕێزان:

گۆردن براون، سەرۆك وەزیری بریتانیا، دەیڤید میلیبان وەزیری دەرەوە، لویس ئەیالا سکرتێری سۆسیالیست ئینترناسیونال، خانمی کۆلیت ئابیتال نوێنەرو وتەبێژی حیزبی کرێکاری ئیسرائیل، هوو بیان سکرتێری یەکەمی سەفارەتی چین و رافائێل مۆرینۆ سەفیری وڵاتی شیلی.

بەڕێز سوارە لەگەڵ هەر کام لەوانە باسی وەزعیەتی رۆژهەلاتی کوردستان و مافی مرۆڤ و بەتایبەت وەزعی زیندانیان و مانگ گرتنی زیندانیە سیاسییەکانی کوردی کردو هەروەها لەو بارەیەوە راگەیەندراوێکی کۆمیتەی دەرەوەی حیزب و لیستەیەکی ئامادەکراو بەناو و موشەخەسات و حووکمەکانی سەپێنراو بە سەر زیندانیانی سیاسی، ئێعدام کراوو بێسەرو شوێنەکان، کوژرانی بە ئەنقەستی خەڵک، کوژران و بریندار بوونی خەڵک بە مینە چێندراوەکان و... لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ وە تا ١٥ی سێپتامبر کە بە شێوەی نامیلکەیەک ئامادە کرابوو، درایە دەستی گۆردن براون و دەیڤید میلیباندو هەموو ئەو کەسانەی کە نوێنەری حیزب چاوی پێیان کەوت و هەروەها بەناو بەشدارانی دیکەی کۆنفرانس دا بلاوکرایەوە.

جێگای ئاماژەیە کە جگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان دوو لایەنی دیکەی کوردستانیی بەشداری ئەو کۆنفرانسە بوون.

# باری تەندروستیی هێندێک لە مانگرتووان روو لە خراپ بوونە



بە پێی دوایین زانیارییەکان باری تەندروستی هێندێک لە مانگرتووان بەرەو خەراپبوون دەچێ، بەلام کاربەدستانی بەندیخانەکان هیچ هەنگاوێکیان بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکانی گیراوان و جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان هەڵنەهێنانەوەتەوە.

بە گوێرەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بارودۆخی گیروانی کورد لە زیندانی "ورمێ"، بارودۆخی ژمارەیەک لە مانگرتووانی کورد و ئەهلی حەق بەرەو خەراپی دەچێت و لە ئاکامی نەخواردندا تووشی نەخۆشینی پێستی بوون و لەم ڕێگایەوە چڵک و ناپاکی دزەی کردۆتە ناو لەشیان و هەر وەک سەرچاوەکە ئاماژەی پێکرد "ژیانیان کەوتۆتە مەترسییەوە".

ناوی ژمارەیەک لەم مانگرتووانە بریتین لە: ئیحسان تۆپز، موراد دیار، عەلی ئەحمەد سلێمان، مستەفا عەلی ئەحمەد، بیلال چیللیگەر، جومهور ئۆزگوچ، یوسف ئاتساز.

ناوبراوان کە زۆربەیان خەڵکی پارچەکانی تری کوردستانن، لە لایەن دەزگاکانی ئاسایشی کۆماری ئیسلامییەوە دەسبەسەر کراون و لە مافی هەبوونی پارێزەر بێبەش کراون و ئێستا ماوەی زیاتر لە دوو حەوتوویە لە ژووری تاکەکەسی ڕاگیراون .

هەر لە گرتووخانەی "ورمێ"وە هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە ٥ گیراوی سەر بە ئەهلی حەق بە ناوەکانی: سەهەند عەلی موحەمەدی، بەخشعەلی موحەمەدی، عەبدوڵلا قاسم زادە، مێهدی قاسم زادە و یۆنس ئاقایان کە ماوەی دوو هەفتەیە تێکەڵ بە ڕیزی مانگرتووان بوون، لە بارودۆخێکی تەندروستیی یەکجار نالەبار دان و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم ڕەوشە بەرەو خەراپتربوون دەچێت.

هەروەها لە شاری سەقزیشەوە ئاگادارکراین کە باری تەندروستیی مانگرتوویەک بە ناوی " خەلیل مستەفا رەجەب" باش نییە و ناوبراو دوچاری ناڕەحەتی هاتووە .

# مانگرتنی زیندانییانی سیاسی و مەدەنی دەسکەوتەکان و کۆسپەکانی سەر ڕێگە

مستەفا مەعرووفی

مانگرتنی زیندانییانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا لە ٤٠ ڕۆژ نزیك بۆوە. هەنگاوی لەم چەشنەی زیندانییانی سیاسی و مەدەنیی کورد هەنگاوێکی گرنگە و لە روانگەی جۆراوجۆرەوە شیاوی وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنە و زۆر دەرسی بە نرخی تێدان کە بۆیە دەبێ لێی فێر بین وئەزموونی لێ وەرگرین.

حەرەکەتی مانگرتنی زیندانییانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حەرەکەتێکی سەرانسەری بوو. ئەم حەرەکەتە لە ماکۆ لە شیمالی کوردستانەوە تا پارێزگای کرماشان لە جنووبی کوردستانی گرتەوە و تایبەت نیە بە ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ویست و داخوازی مانگرتووان ویست و داخوازی هاوبەشی هەموو مانگرتووانە و ئەوانی لە دەوری داخوازگەلی هاوبەش کۆ کردەوە. لەم حەرەکەتەدا جۆرێك یەکیەتی و کۆدەنگیی زیندانییانی سیاسی و مەدەنیی کورد بەدی دەکرێ کە ئەمە بۆ خۆی پەیامێکە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ خۆیان لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کورد بە بێ نیاز بزانن و نەك هەر نابنە هۆی یەکیەتی و یەکڕیزیی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بەڵکوو دەبنە کۆسپ و لەمپەری سەر ڕێگەی نزیکبوونەوە و هاوکاریی نێوانیان.

حەرەکەتی مانگرتوانی سیاسی و مەدەنیی کورد بە لە بەرچاوگرتنی شێوەکانی دیکەی خەبات و دەربڕینی ڕەخنەو ناڕەزایەتی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی‌دا تا ئێستا دەری خستوە دژکردەوەی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر هەرچەشنە حەرەکەتێکدا لە لایەن ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورددا چ مەدەنی بێ، چ سیاسی بێ و چ نیزامی بریتی‌یە لە گوێ نەدان و سەرکوت. لە قۆناغی جۆراوجۆر لە ماوەی تەمەنی ٣٠ ساڵەی کۆماری ئیسلامی‌دا ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەکانی کورد بە بیانووی بەشداری لە خەباتی سیاسی و ریزەکانی حیزب و ڕێکخراوە کوردی‌یەکاندا ئیعدام و شەهید کران. بەڵام چالاکانی سیاسی ومەدەنیی کورد نە حیزبی سیاسی دژبە کۆماری ئیسلامی‌یان پێك هێناوەو نە چەکیان بە دەستە، بەو حاڵەش دژکردەوەی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەوان دا دژکردەوەیەکی دژی مرۆڤانە و توندوتیژو سەرکوتکەرانەیە.



جۆرێك هاودەنگی وکۆدەنگی کە لە خەڵکی کوردستان، هێزو ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنی‌یەکانی کورد لە کوردستان و دەرەوە دیتراوە، هێندێك لایەنی لێ دەرچێ و جگە لە هێندێك بوار، جێگەی هومێدو مایەی خۆشحاڵی‌یە. هەروەها حەرەکەتی مەدەنی و ژیرانەی مانگرتووان لە بەکارهێنانی شێوەیەکی ڕەواو مافێکی ئینسانی لە ئیعترازدا لە بەرامبەر ڕێژیمێکی یاخی و سەرکەش و توندوتیژدا، نیشانەی ئاگاهی و ئیرادەی بەرزی مانگرتوانە و نەتەوەی کورد شانازی پێوە دەکاو پێی سەربەرزە.

بەڵام لەگەڵ ئەم دەسکەوتانەشدا بەداخەوە دەبێ بڵێین کە کۆماری ئیسلامی بایەخێکی – هەرچەند کەمیش بێ – بەو حەرەکەتەی نەدا و بۆی گرنگ نیە گیانی دەیان مرۆڤ لە زیندانەکانی‌دا کە بە ناڕەوا زیندانیی کردوون لە مەترسی دایە. تەنانەت ئەگەر ژمارەیەکیش لەوان لە ئاکامی درێژەدان بە مانگرتن گیانیان لە دەست بدەن، ئەو ڕێژیمە گوێی پێ نادا و وەك هەمیشە نیشانی داوە بایەخە ئینسانی‌یەکانی بۆ گرنگ نیە.


بە داخەوە دنیای دەرەوە ڕێکخراوە گەورەو شوێندانەرەکانی وەك ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، دەوڵەتانی بەهێز کە زۆرجار باسی مافی مرۆڤ لە وڵاتاندا دەکەن و تەنانەت ڕاگەیەنە گشتی‌یە نێونەتەوەیییەکان، وەك پێویست ئاوڕیان لەو مەسەلەیە نەدایەوە، ئەوە لە حاڵێك دایە کە ژمارەی مانگرتووان ژمارەیەکی بەرچاو و ماوەی مانگرتنەکە لە باری زەمانی‌یەوە تا ئێستا زۆری خایاندوە.

ئەمانە ئەزموونێکن بۆ نەتەوەی کورد و هێزو ڕێکخراوەکانی کە ئەو کاتە دەتوانن ئامانج و مەبەستەکانیان بەرنە پێشەوە کە هاودەنگ و یەکگرتوو بن و زیاتر حیساب لە سەر توانای خۆیان بکەن. ئەو کاتە دەتوانن بە هێز بن و شوێن لە سەر بیروڕای دەرەوە دابنێن و پشت ئەستوور بە هێزی خۆیان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پاشەکشە بە سیاسەتەکانی ڕێژیمی دژبە کوردی کۆماری ئیسلامی بکەن.

# لێرە، ئێستاش ڕەمەزانە!!

سیروان مووساپوور

لەو ڕۆژەوە، شای گۆڕبەگۆڕ بە زەبری زۆر، لە سەر تەختی پاشایەتی خواردو بە چاوی پڕ لە ئەسرین و بە قورگێکی پڕ لە گرین، دەستی شابانووی خۆی گرت و وڵاتی ئێرانی جێهێشت و داری ڕاپەڕینی گەلانی وەزاڵە هاتووی ئێران هاتە بەر، گەلی کوردی بەش مەینەتیش چاوەڕوان بوو لە ژێر سێبەری لق و پۆپێکی ئەم دارە، پشوویەك بداو ماندوویەتیی چەندین ساڵەی ژێر چەپۆکی و دیلی دەرکا، بەداخەوە کۆمەڵێك ئاخوندی بیرتەسك هەر لەم دارە عەسای حاکمییەتیان دروست کردو وەك ئامرازێك بۆ کوتانی سەرو گوێلاکی هەرچی دژەبیرو جودابیری خۆیان بوو، کەڵکیان وەرگرت. ئیتر هەرچی دڵخوازی دڵی خۆیان بوو، بەرگی ئایینیان لەبەر کردو فتوایەکیان لە سەر دەرکردو ڕەواییان بە گشت کردەوە ناڕەواکانی خۆیان دا. گەلی کوردی تاڵی چێشتوو هەر کە ویستی دەنگی ئازادیخوازیی خۆی هەڵ بڕێ و ڕێگە نەدا جارێکی‌تر دێوەزمەی شەڕ، کەڵپ و ددانی لێ گەڕ کا، کەوتنە بەر ڕق و غەزەبی حاکمانی بۆ دەسەڵات تینووی تازەهاتووو هەزار ڕەحمەتیان بۆ بابی کفن دزی هەوەڵی بەڕێ کرد. ئیتر خەڵکی کورد لە جیاییخوازو ڕێبەرانی بە داردەستی بێگانەو "مفسد فی الارض" لە قەڵەم دران و خاکی پیرۆزی کوردستانیان خستەوە ژێر پۆستاڵی ڕەش و گڵاویان و خوێنی خەڵکی خۆشی نەدیو، بوو بە بادەی پیاڵەی دەستی تاقمێك ئاخوندی بیر ڕزیو. پاسدرانی جەهل و جینایەت و پەیام هێنەرانی غەدرو خەیانەتیش، بێ هیچ سڵەمینەوەیەك و تەنیا بە فتوای پیرەپیاوی جەماران و ڕێڕەوانی ڕێبازەکەی، ملك و ماڵ و گیان و حاڵی خەڵکی کوردیان حەڵاڵ و نە بە تیرۆرو شەهید بوونی ڕێبەرانی کۆستی کەوت. ئاخر ئەم میللەتە زۆر لەمێژە بەم شتانە ڕاهاتووەو پاش هەر ژێر کەوتنێك، سەرکەوتنێکی وەچەنگ هێناوەو هەمیشە بە "پایان شب سیە، سفید است" هیوادار بووە. و باش



زانی و ئەوەی لە توانایان دا بوو، دەرحەق بەم میللەتە کردیان. لە بەرامبەر ئەوەدا خەڵکی خەباتگێڕی کوردیش بە بێ‌دەنگی نەمایەوەو قبووڵ کردنی زوڵمی پێ لە زوڵم کردن قەباحەت تر بوو هەر زوو بەرەنگاری کردەوە نامرۆڤەکانی ڕێژیمی جمهوری؟! ئیسلامی؟! بۆوە. نە بە کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی بێ‌تاوان سڵی لە خەبات کردەوەو نە بە لەدەستدانی باشترین ڕۆڵەکانی هەنگاوەکانی پێ شل بوون زانیویەتی کە "داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ، قەت بەر ناگرێ". هەر بۆیە لە سەرەتاوە بۆ ڕاوەستان لە بەرانبەر دێوەزمەی مەرگ و نەهاتی نرخی گەلێك زۆری داوەو باشترین ڕۆڵەکانی بوونەتە قۆچی قوربانی وڵات و خوێنی سووری لە سەر حەق و بە ناحەق ڕژاویان بۆتە هەوێنی شۆڕشێکی لە پسان نەهاتوو.

ئەمڕۆ، کە بە قسەی خۆمان "دنیا دنیای جاران نەماوە"و سەردەمی زانست و بەجیهانیبوونەو دیالۆگ و ڕەخنە باوە لەگەڵ ئەوەشدا، باس لە مافی مرۆڤ و تەنانەت باس لە مافی ئاژەڵ و پەلەوەریش لە زۆر شوێنی ئەم گێتییەدا، لە سەر زارو زمانانەو گرینگیی پێ دەدرێ، کۆمەڵێك لە باشترین ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوە ژێردەستەیە، کە نیازیان وابوو بە شێوەیەکی سەردەمییانەو بە زمانێکی ئەمڕۆییانە بێنە ئاخافتن و مشورێك بۆ گەلە داماوەکەیان بخۆن و هێندێك داخوازی ڕەوایان بەڕووی بەرپرسان هەڵێنن، بە داخەوە هەر زۆر خێرا، دەستی ناپاك دەمی گرتن و هاواری ئازادیخوازییان لە گەرووداکپ کردن.

ڕێژیمی دژە مرۆڤی کۆماری ئیسلامییش جارێکی‌تر وێڕای دەرخستنی ماهییەتی مرۆڤ کوژانەی خۆی تێی گەیاندن کە ئازادی و دێموکراسی لەلای دەمڕاستەکانی ئەو پوولێکی قەڵب ناهێنن و "مافی مرۆڤ" و "دیالۆگ" هێندەی تورێك نرخیان نیە.

پاش گیران و دەسبەسەرکرانی ئەو کۆمەڵە لە ئینسانە ژیر و ڕۆشنبیرەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری، زۆربەیان حوکمی قورس و ناعادڵانەیان بەسەردا سەپاو لە ژێر ئەشکەنجە و لێداندا، تووشی ئازار و نەخۆشیی جەستەیی و دەروونی هاتن... بەڵام مەشخەڵدارانی دوێنێی نێو زانستگا و کۆمەڵگا و خۆڕاگرانی ئەمڕۆی نێو سیاچاڵەکان، لە ژێر ئەوەشدا بە چۆکدا نەهاتن و ئەگەر ڕێگە نەدران بە دیالۆگ و زمانی قسە داواکارییەکانیان بێننە گۆڕێ، ئەوا بە ئیرادەی پۆڵایین و خۆڕاگریی شێرانەیان، نەبەزی خۆیان و حەقانییەتی داخوازەکانیان سەلماند.

نزیکەی چل ڕۆژە بەشێکی بەرچاو لەو زیندانییە سیاسی و مەدەنییانەی کورد مانیان لە خواردن گرتووە و زۆربەیان تووشی نەخۆشی و لاوازیی جەستەیی هاتوون. ئەوان پێداگر لەسەر درێژەدان بە مانگرتن و ڕێژیم سوورتر لە سەر ئازار و ئەزیەت و گرتن.

مانگرتن تاکەی درێژەی دەبێ و ئایا ڕێژیم مل بۆ ویست و داخوازەکانیان ڕادەکێشێ یان نا؟ و سەرەنجام مانگرتووان واز لە مانگرتن دێنن یان بە بەخشینی گیانیان مۆدی ڕیسوایی لە توێڵی ڕێژیم دەدەن؟ ئەوە داهاتوو دەری دەخا. بەڵام ئەوەیکە لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە کە ئەی لە کوێیە مافی مرۆڤ و لە کوێن ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ؟ ئەوانەی کە بە قسەی خۆیان چەندین وڵاتیان بۆ جێگیر کردنی دێموکراسی و چەسپاندنی مافی مرۆڤ ئاڵۆز کردوە، بۆ دەنگێکیان لێ نایە؟ میدیاکانی جیهان (بێجگە لە چەند دانەیەکیان) بۆ لە ئاست ئەم مانگرتنەدا، کە بە درێژایی تەمەنی نەگرسیی کۆماری ئیسلامی مانگرتنێکی لەم شێوەیە نەبووە، کوێر و کەڕن؟ لە هەر گۆشەیەکی جیهاندا پیرێژنێکی حەفتا ساڵە شوو بکاتەوە یان پشیلەیەك، بەچکەکانی لێ ون بێ، لێکدانەوە و شرۆڤەیەکی لە سەر دەکرێ؟ بەڵام بۆ کەس هەناسەیەك بۆ ئەم تراژیدیانەی کە لە حاڵی ڕوودان دایە، هەڵ ناکێشێ؟ تاڵتر لەوە، ئەوانەی کە تیمساح ئاسا فرمێسك بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران (تمامیت) هەڵ دەرێژن، بۆ دەنگێکیان لێ هەڵناستێ؟ بۆ ئەمانە ڕۆڵەی ئەم خاك و ئاوە نین؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێندێك قووڵتر بیر بکاتەوە و ڕێپێوانی لاوانی هەولێری و مانگرتنی زیندانییانی کوردی تورکیە و هاتنە سەر شەقامی کوردانی دانیشتووی دەرەوە بە نیشانەی هاودەردی لەگەڵ برا کوردەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ بێ‌دەنگی ئازادیخوازانی ئێرانی و بێ‌خەمیی خەمخۆرانی درۆیین و ئێرانییانی ڕاستین و هاودەنگی نەکردنی زیندانییانی غەیرە کوردی ئێرانی بەراورد بکا و لە داهاتوو جۆرێکی‌تر هەڵوێست بگرێ؟

لە کۆتایی دا لە زمان یەکێك لە زیندانییانی سیاسی هاوار دەکەم: لێرە ئێستاش ڕەمەزانە، ڕەمەزانێك کە ڕوون نیە لە جەژنی دا، شینی چەند برامان دەگێڕین و خەمی چەندیان لە ئامێزا ڕادەژێنین.

ڕەمەزانێك کە پارشێوەکانی بە گوڕەی جەللادەکان لە خەوی خەم ڕادەچڵەکین و ڕۆژ لە نێوان مەرگ و ژیاندا بەسەر دەبەین و ئێوارانیش بە قسەی ناحەز و بە مست و شەپ بەربانگ دەکەین.

لێرە ئێستاش ڕەمەزانە، بەڵام دەنگێك لە بانگ و سەڵا نیە و ئەوەی دەیبیستین هاوار و ناڵەی یاران و گوڕەی زۆرداران و زرمە و خرمەی کەلەبچە و قفڵ و زنجیری دەرگایە.

لێرە ئێستاش ڕەمەزانە و ئیماندارانی بە بیروباوەڕ ئەرکی شەرعی و نەتەوەیی لێرەدا بەجێ دێنن و دوعا بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان دەکەن و ڕۆندك بۆ بێ‌کەسیی خۆیان هەڵ دەوەرێنن؟!

لێرە ئێستاش ڕەمەزانە.

**مستەفا شەڵماشی:**

# سیاسەتی باراك ئۆباما کاندیدای دێموکراتەکان لەسەر ئەو خۆشبینییە دارێژراوە که کۆماری ئیسلامیی ئێران باوەڕی بە وتووێژەو بۆ ئیمتیاز دەگەڕێ

**(دوایین گۆڕانکارییەکانی کێشەی ناوکیی ئێران و داهاتووی ململانەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕۆژئاوا لە دیمانەیەکدا لەگەڵ مستەفا شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان)**

**دیمانە: "کوردستان"**

**کوردستان: ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی هەروا درێژە بە سەرکێشییەکانیان دەدەن و هیچ کام لە بڕیارنامەکانی ئەنجوومەنی تەناهیی نەتەوەیەکگرتووەکانیان جێبەجێ نەکردووە تەنانەت گاڵتە بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش دەکەن. بە بڕوای بەڕێزت گەمارۆکانی ئەنجوومەنی تەناهی و ئەمریکاو ئورووپا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر ئێران دانەناوە کە ئەوان ئاوا سەرکێشانە درێژە بە پیتاندنی یورانیۆم دەدەن؟**

مستەفا شەڵماشی: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تا ئێستا نیشانی داوە کە بچووکترین گرنگی نادا بە هەلومەرجی گشتیی ئابووریی ئێران و ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێران. هەموو بەرنامە سیاسی، ئابووری و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە دەوری ئەو ئامانجە دا دەخولێنەوە کە چۆن درێژە بە دەسەڵاتی نگریسی خۆی بدات. زۆربەی هەڵسەنگێنەرانی نێونەتەوەیی و دامودەزگا نێونەتەوەییەکانی پەیوەندیدار بە کێشەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەو باوەڕە دان کە گەمارۆی ئابووری لە سەر ئێران شوێنکاری گەورەی هەیە و تا ئێستاش زەربەیەکی گەورەی لە ئابووریی ئێران داوە. هەموومان دەزانین کە نرخی پێداویستیەکانی ژیان لە ئێران دا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنە بەرز بۆتەوە، بێکاری بێداد دەکا، داهاتی سەرانە هەتا دێ زۆرتر دێتە خوار و لەشکری بێکاران تەنانەت لە نێو توێژی دەرس خوێندوو پسپۆڕیش دا هەتا دێ گەورەتر دەبێ. دیارە هۆی سەرەکیی ئەو هەموو گیرو گرفتە ئابووریە بێ بەرنامەیی و نەزانیی کۆماری ئیسلامی بە گشتی و دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد بە تایبەتیە، بەڵام گەمارۆکانیش شوێنەواری زۆر گەورەیان داناوە، هەرچەند گەمارۆکان تا ئێستا زۆر سنووردار بوون و بەشێکی بچووک لە بنکە ئابوورییەکانی ئێران کەوتونە ژێر گەمارۆ. لە دوایین ڕاپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە ی ئەتۆمیدا هاتووە: گەمارۆی ئابووریی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سەر ئێران دەتوانێ کاریگەر بێ چونکە ئابووریی ئێران لە باری تکنیکییەوە زۆر بە وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە بەستراوەتەوە.

کەوابو شک لەوە دا نیە کە گەمارۆی ئابووری لە سەر ئێران کاریگەریی هەیە. بەڵام ئەو کایگەرییە زۆرتر ئێخەی خەڵکی ئێران دەگرێ تا ڕێژیم. هەتا ئەو کاتەی کە ڕێژیم بتوانێ لە داهاتی نەوت پێداویستییەکانی دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی خۆی دابین کا، درێژە بە پیتاندنی ئۆرانیۆمیش دەداو هیچ ئامانجێکیشی نیە جگە لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی.ڕێژیم لە دوو بارەوە پێویستی بەو کارە هەیە یەکەم ئەوە کە زۆر باش دەزانێ کە بەبێ لە دەست دا بوونی چەکێکی ئەوتۆ ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە ژیانی خۆی بدا و دووەم بە دەستی خۆی کردوویەتی بەشتێکی پرێستیژی و بە هاسانی ناتوانێ دە ستی لێ هەڵبگرێ. مەسەلەیەکی دیکەش کە زۆر لە هاندانی ڕێژیم دا شوێنی هەیە کە درێژە بەو سیاسەتەی خۆی بدا ئەوەیە کە سیاسەتی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئورووپا بەتایبەتی، زۆر لاواز، بێ بەرنامە و لەرزۆکە و هەموو جارێ تەسلیمی دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ کە لەسەر بناغەی" بە دەستهێنانی کات تا گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی" دامەزراوە. هەروەها هەڵوێستی دوو وڵاتی گەورەی وەکوو چین و ڕووسیەش دیارە شوێنی خۆی هەیە.

**کوردستان: ئەگەر رووسیەو چین کە هەردووکیان مافی ویتۆیان هەیە لە داهاتوودا ڕێگە لە پەسندکرانی گەمارۆی قورستر دژی ئێران بگرن، چ ڕێگەیەك بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانە ئورووپاییەکانی دەمێنێتەوە؟**

مستەفا شەڵماشی: لە ڕاستی دا دوایین بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ڕۆژی ٢٧ ی سێپتامبری ٢٠٠٨ دا هیچ گەمارۆیەکی ئابووری تازەی تێدا نییە و ئەمەش ئەنجامی دژایەتیی ڕووسیە و چینە لەگەڵ گەمارۆی تازەی ئابووری لە دژی کۆماری ئیسلامی. هەر بۆیە دوایین بڕیار تەنیا پێداگرتنەوەیە لەسەر بڕیارەکانی پێشوو، بەڵام ئەوەی تێدایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هاوکاری بکا، بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە. کەوابوو، نە فشاری زۆرتر خراوەتە سەر ڕێژیمی ئێران و نە فشاریشی لەسەر کەم کراوەتەوە، یا وەکو ڕێژیم دەخوازێ، پەروەندەکەی داخراوە.

هەرچەند رووسیە و چین لەبەر خاتری قازانجە ئابوورییەکانی خۆیان بە تەواوی نەکەوتونە بەرەی دژی کۆماری ئیسلامی، بەڵام بەو رادەیەش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کۆک نین کە دیفاع لە داخستنی پەروەندەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی بکەن.



کەوابو ئێستاش ئیمکانی ئەوە هەیە کە لە سات و سەودای ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەوان دا، ئاخرەکەی بەو ئیمتیازانەی پێیان دە درێ رازی بن و بکەونە بەرەی دژی کۆماری ئیسلامی. بەڵام ئەگەر ئەوە ڕوو نەداو نەکرێ لەلایە ئەنجومەنی ئاسایشەوە گەمارۆ و فشاری زۆرتر بخرێتە سەر کۆماری ئیسلامی، ئەوا بۆ ڕۆژئاوا لە ٣ گوزینە زیاتر نامێنێتەوە. بۆخۆیان گەمارۆی ئابووری و گوشاری زۆرتر بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی(چە ندە دە توانێ بە چۆکی دابێنێ، ئاشکرا نیە)، هێزی نیزامی بەکار بێنن یا دەستی لێ هەڵگرن تا بە کەیفی خۆی رمبازێن بکاو خەتەری خۆی بۆ ڕوسیا و چینیش دەرخا. کە ڕەنگە ئەو کاتە تازە درە نگ بوبێ.

**کوردستان: لە نوێترین ڕاپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی و دوایین لێدوانی محەمەد ئەلبەرادعی دا باس لە هاوکاری نەکردنی ئێران لەگەڵ ئاژانس و نیگەرانیی ئاژانس سەبارەت بە پێشکەوتنەکانی بەرنامە ناوکییەکانی ئێران کراوە. کاریگەریی ئەم ڕاپۆرتە لە سەر هەڵوێستی ئەمریکاو هاوپەیمانانی چ دەبێ؟ ئایا ئەم ڕاپۆرتە دەتوانێ ڕێگە بۆ گەمارۆی زیاترو توندتری ئێران خۆش بکا؟**

مستەفا شەڵماشی: ڕاپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی ئەوە دەگەیەنێ کە ***"نیشاندەری کاتژمێرەکە لەسە ر سەعات ٥ دە فیقە بۆ ١٢ ڕاوەستاوە" کۆمەڵگای جیهانی ئێستاش ڕەنگە بە سیاسەتێکی گورج و گۆڵی فشارو بە گەمارۆیەکی هەموو لایەنەی ئابووری، بەتایبەت لەلایەن وڵاتەکانی ئورووپای ڕۆژئاواوە بتوانێ پێشی چەکداربوونی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئەتۆمی بگرێ.*** ئەوە هەڵسەنگاندنێکە، کە لەلایە ن زۆر ناوەندیی ستراتیژی و لێکۆڵەرەوەی سیاسی و ئابوورییەوە دووپات کراوەتەوە.

بە بڕوای من بۆچوونی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی لە دوای ئەم ڕاپۆرتە هەر ئەوەیە. بۆیە من پێم وایە ئەو ڕاپۆرتە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەوان دەبێ و هەوڵ دەدەن فشارەکانی خۆیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی زیاتر بکەن، هەم لە باری ئابووری و هەم لە باری سیاسییەوە. هەر وەکوو زۆرجاریش ڕایان گەیاندوە، بێشک گوزینەی نیزامییش وەلا نانێن و ئەگەر بە ڕێگاکانی دیکەدا بە ئامانجی خۆیان نەگەن، پەنا بۆ ئەویش دەبەن. هەرچەند دیارە هەموو لایەک گوزینەی نیزامی بە ریسکێکی گەورە لە قەڵەم دەدەن، بەڵام هەموو ڕیسکێک دەتوانن قەبووڵ کەن جگەلە ڕیسکی ئەوە ی کە کۆماری ئیسلامی ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی.

**کوردستان:پێت وایە چ جۆرە گەمارۆیەك دەتوانێ ڕێژیمی تاران بە چۆك دابێنێ؟**

مستەفا شەڵماشی: بە باوەڕی من گرنگترین مەسەلەیەک کە شوێن دانانی گەمارۆکان مسۆگەر دەکا، کۆدەنگیی کۆمەڵگای نێونەتەوەییە بەگشتی و وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاواو ئەمریکایە بە شێوەیەکی تایبەتی. با نەوعی گەمارۆکانیش زۆر توندو بەربڵاو بێ، ئەگەر وڵاتێک لە بەرچاوی بگرێ و یەکی دیکە دژی ڕاوەستێ، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێ. دیارە نەوعی گەمارۆکەش زۆر گرنگە. ئەگەر ئەوان بتوانن، وڵاتانی دیکەی خاوەن نەوت وگاز قانیع کەن بە ناردنە دەرەوە ی نەوت وگازی زۆرتر و گەمارۆ بخەنە سەر نەوت وگازی ئێران و کۆماری ئیسلامی لە داهاتەکانی نەوت و گاز بێبەش بکەن، کۆماری ئیسلامی زۆر زوو بە چۆک دادێ. بەڵام تا نەوت و گازی بۆ بفرۆشرێ و پشتوانێ پێداویستیەکانی ڕێژیمەکەی، با بە نرخێکی گرانتریش بێ، بکرێ، وەک پێویستە کاریگەریی لە سەر ڕێژیم نابێ و زۆرتر فشار بۆ سەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دێ تا ڕێژیم. دیارە ئەگەر لە ئەنجامی فشاری ئابووریی زۆردا کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو ڕاپەڕن ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە.

**کوردستان: هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئەمریکا نزیك بۆتەوە، سیاسەتی هەرکام لە کاندیداکانی دیموکراتەکان و کۆماریخوازەکان سەبارەت بە کێشەی ناوکیی ئێران چۆن دەبینی؟**

مستەفا شەڵماشی: سیاسەتی باراک ئۆباما کاندیدای دێموکڕاتەکان لەسەر ئەو خۆشبینیە دارێژراوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران باوەڕی بە وتووێژەو بۆ ئیمتیاز دەگەڕێ، دەنا دەکرێ چاوەڕوان بی کە دە ست لە دروست کردنی چەکی ئەتۆمی هەڵگرێ. ئەو سیاسەتە، بە باوەڕی من سیاسەتێکی هەڵەیە. چونکە کۆماری ئیسلامی، وەدەست خستنی چەکی ئەتۆمی بە ئامڕازێکی گرنگ بۆ پاراستنی ڕێژیمەکەی دە زانێ و ئەگەر بۆی بکرێ بە دەست هێنانی ئەو چەکە بە هیچ ئیمتیازێکی دیکە ناگۆڕێتەوە. وتووێژیش تەنیا بۆ بەدەستهێنانی کات بەکار دێنێ و جگە لەوە هیچ ئامانجێکی دیکەی لە پشتەوە نیە. خۆ تائێستا زۆر ئیمتیازیان بە کۆماری ئیسلامی پێشنیار کردوە، وەک ئۆرانیۆمی پیتێنراوی خۆڕایی، وەک ڕێگادان بە ڕێژیم بۆ هاتنە نێو سیستمی تیجارە تی ڕۆژئاوا. هەر تا ئێستاش زۆر ئیمتیازیان پێ داوە. ئەو هەموو جینایەتە دژی بەشەرییەت دەکا، جگە لە هێندێک ڕەخنەی سەر کاغەز هیچ کاریان پێ نیە.

بەڵام لەو بارەوە سیاسەتی کاندیدای کۆماریخوازەکان مەککە ین ، زۆرتر لە ڕاستیەوە نیزیکە. ئەو دەیهەوێ چاو لە رابردووی وتووێژەکان بکاو لە وتووێژدا بە شکەوە بۆ مەبەستەکانی کۆماری ئیسلامی دەڕوانێ. جگە لەوە مەککە ین ئامادە نیە پێش ئەوەی کە وتووێژەکان بە جێگایەک بگەن لە رادەیەکی باڵادا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دانیشێ. لە کاتێک دا ئۆباما ڕادەگەیەنێ کە ئامادەیە لەگەڵ ئەحمەدی نژاد دانیشێ. ئەوەش هێندەی دیکە کۆماری ئیسلامی هان دەدا کە لەسەر سیاسەتەکانی سوور بێ.

**کوردستان: ئەگەر ئەمریکاو هاوپەیمانە ئورووپاییەکانی نەتوانن گەمارۆیەکی قورسترو توندتر بخەنە سەر ئێران پێت وایە ڕێگە بۆ بژیرە (گزینە)ی نیزامی خۆشتر دەبێ؟**

مستەفا شەڵماشی: بێگومان دوورکەوتنەوە لە ڕێگاچارەی سیاسی کێشەکە، دەبێتە هۆی بیرکردنەوە لە ڕێگاچارە ی دیکە و یەک لەوانە ڕێگاچارەی نیزامی. ئەگەر ئەو ڕاستییەشی لە پەنا دانێین کە تا ئێستا نە ئەمریکا و نە هاوپەیمانەکانی، ڕێگاچارەی نیزامییان وەک ئامڕازێک رەت نەکردوەتەوە، هەرچەندە بە ئاخرین گوزینەیان داناوە. کەوابوو تا هەنگاوێک لە ڕێگاکانی دیکە دوور کەونەوە، هەنگاوێکیش لە دوایین ڕێگاچارە نیزیک دەبنەوە. دیارە بە

**هەرچەند رووسیە و چین لەبەر خاتری قازانجە ئابوورییەکانی خۆیان بە تەواوی نەکەوتونە بەرەی دژی کۆماری ئیسلامی، بەڵام بەو رادەیەش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کۆک نین کە دیفاع لە داخستنی پەروەندەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی بکەن.**

دەستهێنانی کۆدەنگی لەسەر گرتنە پێشی ڕێگاچارەی نیزامی لە بەدەستهێنانی کۆدەنگێ لەسەر گەمارۆ ئابوورییەکانیش دژوارترە. هەر بۆیە لە هەلومەرجێکی ئاوادا، هاوپەیمانەتیەکەش بچووکتر دەبێتەوە و ئیمکانی ئەوە هەیە بەشێک لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بکشێنەوە لە پەلاماری سەربازی دا بەشداری نەکەن. بۆیە بە باوەڕی من ئەوان بە پلەی یەکەم هەوڵ دەدەن بە ڕێگای گەماروی ئابوورییەوە کۆماری ئیسلامی بە چۆک دابێنن. بەتایبەت لە هەلومەرجی ئێستادا کە قەیرانێکی ئابووریی گەورە باڵی بە سەر وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمریکادا کێشاوە.

**کوردستان: ئەگەری هێرشی هەوایی ئیسرائیل ـ کە بە پلەی یەکەم دەتوانێ لە ژێر هەڕەشەی ئێرانی تەیار بە چەکی ناوکی دا بێ ـ بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمی و نیزامییەکانی ئێران چۆن دەبینی؟**

مستەفا شەڵماشی: بە باوەڕی من ئەو ئەگەرە هەیە و زۆرێش جیددییە. بەڵام ئەوەش دوای نائومێد بوونێکی تەواوە بە ڕێگاچارەکانی دیکە و دوای ئەوەش کە ئیسرائیل هیچ هاوپەیمانێکی دیکە نەتوانێ پەیدا بکا. دیارە ئیسرائیل لە هەموو وڵاتان زیاتر بە کۆماری ئیسلامییەکی خاوەن چەکی ئەتۆمی قەڵسە، چونکە بە ئاشکراش لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە هەڕەشەی لەنێوبردنی لێکراوە. بێشک ئیسرائیل ناتوانێ بێدەنگ دانیشێ و ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەتەواوی بکشێنەوە و کۆماری ئیسلامی هەر بەردە وام بێ لە سەر بەرنامە ئەتۆمییەکانی، شیمانەی ئەوە دەکرێ کە بە تەنیاش هەنگاوێک هەڵێنێتەوە.

# دەستپێکردنی ساڵی تازەی خوێندن

بێژان

له سەرەتای رەزبەری ئەم ساڵدا سێیەمین ساڵی خوێندن لە ژێرحاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا دەستی پێ کرد و چەندین میلیۆن قوتابی و خوێندکار روویان کردە قوتابخانەو زانستگاکان و قۆناغێکی نوێیان لە ژیان و خوێندن دەست پێ کرد. سەدان هەزار مامۆستا و کارمەندی قوتابخانەو زانستگە بە باوەشی ئاوەڵاوە پێشوازییان لە قوتابی و خوێندکاران کرد. کاری خوێندن و فێرکردن لە ئێراندا ئەمساڵیش وك ساڵانی ڕابردوو لەگەڵ چەندین گیرو گرفتی گرنگ و بنەڕەتی بەرەورووە کە نەك هەر چارەسەر نەکراون بەڵکوو رۆژ لەگەڵ ڕۆژ قوڵترو بەرینتر بوونەتەوە بەچەشنێك کە دەکرێ ناویان بنێین قەیرانەکانی خوێندن لە ئێراندا. سەرەڕای ئەوەی نزیك بە نیوەی خەڵکی ئێران لە نەتەوەکانی غەیرە فارس وەك کورد، ئازەری، بەلووچ و عەرەب و تورکمەن پێك هاتوە، ئێستاش زمانی فارسی تاقە زمانی ئێرانییە کە پێی دەخوێندرێ. منداڵانی سەربە نەتەوە جیاوازەکان مافی خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان نیە. لە حاڵێکدا خوێندن بە زمانی زگماکی یەکێك لە مافە سەرەتاییەکانی هەر مرۆڤێکە کە لە بەیاننامەی مافی مرۆڤیشدا گونجاوە، قوتابییان و خوێندکارانی سەر بە نەتەوەی غەیرە فارس شانسی خوێندنی چەند واحید لە زمانانی بێگانە وەك ئینگلیسی و عەرەبییان هەیە بەڵام شانسی خوێندنی تەنانەت چەند دێڕیش بە زمانی زگماگیی خۆیان نیە.

سیستمی سیاسی، مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی باڵی بە سەر قوتابخانەو زانستگەکاندا کێشاوە و بە تەواوی لە سیستمی پەروەردەو خوێندنی ئێراندا، رەنگی داوەتەوە. سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە ئێراندا نەك بە پێی پێویستیی کۆمەڵگەی ئێران بە زانستە جۆراوجۆرەکان، بەڵکوو بە پێی پێویستیی رێژیمی دەسەڵاتدار بۆ خزمەت بە ئیدئۆلۆژییەکەی داڕێژراوە. بە ئیدئۆلۆژی کردنی خوێندن وای کردوە کە لایەنی سیاسی — مەزهەبیی رێژیمی دەسەڵاتدار بە سەر لایەنە زانستییەکانی پەروەردەو خوێندندا زاڵ بێ. سێبەری سیاسەت و ئیدئۆلۆژی دەسەڵات بە سەرپەروەردەو فێرکردن لە ئێران دا وای کردوە کە تاقە رێگەیەك و تاقە بیروباوەڕێك بخرێتە پێش قوتابی و خوێندکارو ئەوانی لە ئاشنا بوون بە بیروباوەڕە جیاوازو جۆراوجۆرەکان بێبەش کردوە. بە ئیدئۆلۆژی کردنی پەروەردەو فێرکردن لە کتێب و مادە دەرسییەکانیشدا رەنگی داوەتەوە. ئامانج و مەبەستی سەرەکیی نێوەڕۆکی کتێب و مادە دەرسییەکان بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی بیروباوەڕو ئیدئۆلۆژییە بەوجۆرەی کە رێژیمی دەسەڵاتدار دەیەوێ. ئەم لایەنە بە جۆرێك بە سەر مادە دەرسییەکاندا زاڵە کە بابەتە زانستی یەکانی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و تا رادەیەکی زۆر سنوورداری کردوون. تەنانەت روانگەی ناعادڵانەی دەسەڵاتداران



بەرامبەر بە کچان لە فێربوونی زانست و خوێندنیشدا لە پەروەردەو فێرکردنی ئێراندا رەنگی داوەتەوە. کچان بە پێی قانوونی پەسەندکراوی ئەم رێژیمە لە زۆر رشتەی خوێندن بێ بەشن. هەژاری وپێڕانەگەیشتنی رێژیم بە وەزعی ژیان وگوزەرانی مامۆستایان زەرەر و زیانێکی زۆری لە سیستمی پەروەردەو فێرکردنی ئێران داوە. نەدانی مووچەی پێویست و بەوەخت بە مامۆستایان ژیانی ئەوانی لەگەڵ قەیرانێکی قووڵ بەرەوڕوو کردۆتەوە. ئەم بارودۆخە کار دەکاتە سەر ئۆگری و دڵسۆزیی ئەوان بە دەرس و قوتابییەکانیان و بەشی زۆری فکرو توانای مامۆستاکان لە پەیدا کردنی کارێکی دیکە و بژێوی ماڵ و منداڵیاندا بە فیرۆ دەدا. بۆ ئەوان دەرس گوتنەوە نابێتە کارێکی حیرفەیی و تەواو وەخت و ژیانیان دابین ناکا، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاستی زانست و پەروەردە لە ئێراندا بێتە خوارێ. قوتابی لەگەڵ ئەوەی کە، دەگاتە قۆناغی خوێندکاری لە زانستگەدا و تەمەنی دەچێتە سەر، پێویستی بە ئازادی و سەربەخۆیی زیاتر هەیە. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا رێژیمی ئێران بەربەست و سنووری بیروباوەڕو سیاسی زیاتریان لە پێش دادەنێ تا پلەکانی خوێندن زیاتر دەچێتە سەر کۆنترۆڵ و فشار و سەرکوتی سیاسی لەسەر خوێندکاران زیاتر دەبێ. خوێندکار لە جیاتی ئەوەی توانا و ئینێرژی خۆی لە خوێندن و لێکۆڵینەوەدا بە کار بێنێ لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو سنوورو بەربەستانەدا بەکاری دێنێ کە مۆرەکانی رێژیم بۆی پێك دێنن، ئەمە وای کردووە کە بزوتنەوەیەکی بەرینی خوێندکاری لە دژی کۆماری ئیسلامی پێك بێ خۆپیشاندانی ئەم چەند ساڵانەی رابردوو ئەم راستییە دەسەلمێنن کە سیاسەتی سەرکوت و کۆنترۆڵی سەرەڕۆیانەی رێژیم بە سەر زانستگەکاندا و دژکردەوەی خوێندکاران بەرامبەر بەو وەزعە وای کردوە کە زانستگەکانی ئێران لە بزوتنەوەی خوێندکاریدا بە ناوبانگتر بن تا لە داهێنان و پێشکەوتنی زانستیدا. جگە لەمانە دەیان گیروگرفتی دیکە سیستمی خوێندن لە ئێرانیاندا تووشی قەیران کردوە وەك: فەرق و جیاوازیدانان لە دژی کچان و ژنان، بڵاوبوونەوەی دیاردەی نەخوازراوی وەك ئیعتیاد کە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانێتی، فشاری ماڵی لە سەر بنەماڵەی قوتابییان و خوێندکاران سەپاندنی جلوبەرگی دڵخوازی ئاخوندەکان بە تایبەتی بە سەر کچان و مامۆستایانی ژندا. قوتابییان و خوێندکارانی ئێران جاروبار لە دەرفەتێکدا کە بۆیان دەڕەخسێ نیشانیان داوە کە پتانسیەلێکی بەهێزیان لە سەرکەوتنی زانستی و داهێنانەکاندا هەیە. ئەگەر نەبوونی دێموکراسی بوونی دیکتاتۆری و خەفەقان لە قوتابخانە و زانستگەکاندا نەبوایە و مامۆستایانی ئێران لە باری ماڵی و پێڕاگەیشتنەوە لە لایەن رێژیمی دەسەڵاتدارەوە نەخرابانە پشت گوێ.

سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە ئێران دا پێشکەوتنی زۆر مەزنی بە خۆیەوە دەدی.

بەو هیوایەی قوتابییان، خوێندکاران و مامۆستایان سەرەڕای ئەو هەموو قەیران و گیرگرفتانە لە وەدەستهێنانی زانست و ئازادیدا سەرکەوتنی گەورە وەدەست بێنن و ساڵی خوێندنی ١٣٨٧بۆ٨٨ بە سەرکوتوویی کۆتایی بێنن.

# خوێندنەوەیەکی کورت بۆ مانگرتنی زیندانیانی سیاسی

سمایل شەڕەفی



رێژیمی کۆماری ئیسلامی و دام و دەزگا سەرکووتکەرەکانی ویستیان و تا ئێستاش لەو باوەرەدان کە بو بەندکران و دەستبەسەر کردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە شارەکانی کوردستان و بەند کردنیان لە بەندیخانەکاندا دەتوانێ دەنگی ئازادیخوازنەیان کپ بکەن و لێکیان دابڕن.

هەڵویستی یەکگرتوانەی بەدەیان بەند کراوی کورد لە بەندیخانە جیاجیاکانی ئێران و مانگرتنی گشتییان، سەلماندی کە سیاسەتی سەرکووت و کپ کردنی دەنگی مافخوازانەی رۆڵە تێکۆشەرەکانی کورد، سیاسەتێکی دۆڕاوە. زیندانیانی مانگرتووی سیاسی و مەدەنیی کورد، بەم کارەیان سەلماندیان کە بندکردن و دابڕاندنیان لە یەکتری ناتوانێ پێش بە ئیرادەی یەکگرتووانەیان بگرێ. ئەوان لە بەندیخانەکانی تاران، کەرەج، سنە، ورمێ، سە قزو بۆکان و مهابادو ...، بەم کارەیان پەیامێکی روون و ئاشکرایان بە دوژمنانی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەیان دا و سەلماندیان کە ئەو خەبات و بەرخۆدانەی کە ئەوان گرتوویانەتە پێش، دەتوانێ لە نێو بەندە تاکەکەسییەکان و لەو دیوی دیوارە بەرزەکان و میلەکانی زیندانەکانیشەوە بلێسە بستێنێ و کپ نەکرێ. بۆیە دەتوانین بلێین کە هەڵوێستی یەکگرتوانەی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە بەندیخانەکانی ئێراندا لە زۆر بواردا هەڵگری کۆمەڵێك پەیام و راسپاردەی پێویست و ئەمرۆیین بۆ گشت کۆمەڵگای کوردستان و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان.

ئەگەر چاوێك بە لیستی ناوی زیندانیانی مانگرتوودا بخشێنین و لە شوناسی سیاسی، ئەقیدەتی و حقوقییان وردبینەوە، دەکرێ کۆمەڵێك لەو پەیامانەیان لێ تێبگەین و بۆ قۆناغی ئێستای خەباتمان بیانکەینە بنەما و کاریان لە سەر بکەین.

لە گەڵ ئەوەیکە ئەوان لە هەڵوێستێکی هاوبەشدا دژ بە داگیرکەرانی کوردستان وەستاونەتەوە و بە هاوارێکی هاوبەش باس لەویست و داخوازییەکانیان دەکەن، لەجێدا لە رووی بیرو باوەڕ و عەقیدە و بواری چالاکییەوە خاوەنی گەلێك جیاوازین.

بە پێی ئەو لیستەی کە لە مانگرتووان بڵاو بۆتەوە لە لایەنی رەگەزییەوە نەك جێگای ژنان و کچانی تێکۆشەر و خاوەن ئیرادە بەتاڵ نیە بەڵکوو چەند تێکۆشەر و چالاکی ژنیان لە نێودا دەبیندرێ. مانگرتووان لە رووی چالاکی و بیروباوەڕیشەوە زۆر لێك جیاوازن، هێندێکیان بە تاوانی بیروباوەر و ئایینەوە بەند کراون، بەشێکیان چالاکی مەدەنی و چالاکی بواری ژنانن و هێندێکیشیان سەر بە حیزبە کوردییەکانن... بەڵام هەمووی ئەمانە تۆسقاڵێك کاری نەکردۆتە سەر ئیرادەی یەکگرتوانەیان و ئەوە نزیك بە ٤٠ رۆژە لە مانگرتنی گشتیدان.

بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم جۆراوجۆریانە و ئەم هاودەنگی و هاوهەڵوێستییە هەڵگری پەیامێکی پیرۆزە بۆ گشت کۆمەڵگای کوردستان و بەتایبەت حیزبە سیاسییەکان.

زیندانیانی مانگرتووی نیشتمانەکەمان بەم هەڵوێستەیان پێیان گوتین کە خەباتی نەتەوایەتیی ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان کەوتۆتە فازێکی نوێوە، ئەم خەباتە پێویستیی بە رۆحێکی تازە لە تێکۆشان هەیە. لەم فازە لە تێکۆشان و خەباتەدا ئەو بیرو بۆچوون و روانگانە دەتوانن لەگەڵ کاروانی بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد بکەون کە قازانجی گشتیی نەتەوەکەمان وەك خۆی پێناسە بکەن و هەوڵ بۆ دابینکردنی بدەن.

لەم سۆنگەیەوە کە دەکرێ بەم ئەنجامەش بگەین کە ئەوان بەم هەڵوێستە نوێیەیان پەیامێکیان لە پێکەوە هەڵکردنی جیاوازییەکان پێداین و پێیان وتین کە دەنگە جیاوازەکانیش دەتوانن، دەنگێکی یەکگرتوانەی بەرز دروست بکەن و لاپەرەیەکی نوێ لە خەبات هەڵبدەنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك یەکێك لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە پێی ئەو پێناسە و لێکدانەوانەی کە لە دوایین کۆنگرەی خۆیدا بۆ خەباتی جەماوەری و مەدەنی کردوویەتی، تارادەیەکی بەرچاو توانی ئەم پەیامانە بە هێند وەرگرێ و لە رووی هەڵوێست و راگەیاندنەوە پەیامی هاو هەڵوێستی و یەکگرتوویی چالاکانی نەتەوەکەمان لە زیندانەکانی رێژیمەوە بگوازرێتەوە بۆ ڕای گشتی. لە رووی چالاکیی پشتیوانی و راگەیاندنەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە شێوەیەکی ئەمرۆیی ــ وەك مانگرتوان و تێکۆشەرانی ئەمرۆیی بزوتنەوە دەخوازن ـ بە دوور لە دەمارگرژی و هەڵاواردنی ئەم روانگە و ئەم بیروبۆچوون هەوڵی گەیاندنی دەنگی هاوهەڵوێستی و یەکگرتووانە و خۆڕاگری ئەوانی وەك خۆی گەیاندە کۆڕ و ناوەندە جیهانییەکان. بۆیە تێکۆشەرانی حیزب لە دەرەوەی وڵات لەم پێوەندییەدا ـ دەکرێ بڵێین تا رادەیەك ـ باشیان کار کردوە و هەرچەند دەکرا بەربڵاوانەتر کاری بۆ کرابا و تا ئێستاش دەرفەت ماوە بۆ قەرەبوو کردنەوەی کەموکوڕییەکانمان لەم بارەیەوە.

مەسەلەیەکی گرینگ کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین و ئەرکێکی هەنووکەیی قۆناغی ئێستای خەباتی نەتەوەکەمانە ئەوەیەکە دەبێ شێوازەکانی خەباتی رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لێك گرێ بدرێن. نابێ سنوورەکان، جیاوازییەکان و دیوارە بەرزەکانی بەندیخانەکان لێکمان دابڕن و لێکمان غافڵ بکەن. ئەمەش ئەرکی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە چونکە ئەوانن کە دەبێ بە گشتی و پێکەوە، رێبەرایەتی ئەم جۆراوجۆریانەی شێوازەکانی خەبات لە ئەستۆ بگرن.

ئەوەیکە ئێمە پێی دەڵێین خەڵك و جەماوەر و کۆمەڵگا، لەم چەند ساڵەی دواییدا سەلماندوویانە کە دەتوانن دەست بدەنە خەباتێکی گشتی و یەکگرتووانە و بۆ چەندین جاریش لەم تاقیکارییەدا سەرکەوتنیان دەستەبەر کردوە. بەڵام ئەوەیکە تا ئێستا وەك پێویستە نەیتوانیوە خۆی دەربخات رێبەری کردنێکی گشتی و هەمەلایانەیە لە لایەن حیزب و لایەنەکانی کوردستانەوە.

بێگومان ئەگەر هێز و لایەنە سیاسییەکان نەتوانن واقعیەتەکانی نێوخۆی کۆمەڵگا ببینن و توانای لێك گرێدانی شێوازەکانی خەباتی ئەمرۆی خەڵکیان نەبێ ئەوا لە بەرانبەر خەڵك و مێژووی ئەم نەتەوە بەشخوراوەدا بەر پرسیارن.

## ئەحمەد ئەسکەندەری:

# من گەشبینم بە داهاتووی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دیمانە: کوێستان

***هێندێك لە ڕووناکبیرانو تێکۆشەرانی سیاسیی کوردستان (پیاوان) لە سەر ئەو بڕوایەن ئاوڕدانەوە لە پرسی ژنان یان بڵێین پرسی فیمینیستی لە حاڵی حازردا، کە کورد لە ستەمی نەتەوەیی ڕزگاری نەبووە بە جۆرێك قسەلێکردن یان هەوڵ دان بۆ ڕزگاری ژن لە ستەمی ڕەگەزی هەوڵێکی بێسوودە، واتە ئەوان ئەولەویەتیان بە پرسی نەتەوەیی داوە، یان بە جۆرێکی دیکە هێندێك لە چالاکانی مافەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیان وایە خەباتی نەتەوەیی هەوڵەکانی ئەوانی لەپێناو مافەکانی ژناندا شاردۆتەوەو لە پەراوێزی خستوە. بە بڕوای ئێوە بۆچوونی ئەوانە تا چەندە ڕاستەو لە جێی خۆی دایە؟ ئایا بە ڕاستی دەکرێ هەوڵەکان لێك گرێدراو بنو لە یەك کات دا هەردوو خەباتەکە بەڕێوە بچن؟ یان پێك گرتن (قیاس)ی ئەوانە پێکەوە لە جێی خۆی دایە؟ یان دانانی پلەبەندی لە نێویاندا دروستە؟***

و: گرفت لە خودی ئەو بۆچوونە دایە کە دەیهەوێت ڕزگاریی نەتەوایەتی لە گەشەی کۆمەڵایەتی جیابکاتەوە. بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان بەوە دەناسرێنەوە کە ئایا تا چ ڕادەیەک خۆیان لە پرسی دیموکراسی و ئازادیی تاکەکەس و هەروەها یەکسانی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دەدەن. ئەگەر باس لەوە کرا کە جارێ ئێمە سەرقاڵی خەبات لە دژی ستەمی نەتەوایەتین و دژ بە داگیرکەرانی وڵاتەکەمان خەباتێکی لێبڕاوانە دەکەین و فریای هیچی دیکە ناکەوین، خودی ئەمە بەو مانایەیە کە گرینگی بە پرس و کێشەکانی دیکە نادەین! بەڵام هەڵبەت هیچ حیزب و ڕێکخراوێک بەو شێوەیە باسی ناکات. ژنان کە نەک هەر نیوەی کۆمەڵ بەڵکوو بەشێکی زۆر گرینگی کۆمەڵگا پێکدێنن، ئەگەر لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەدا ئاسۆی کۆمەڵگایەکی یەکسان و ڕێزگرتن لە مافەکانی خۆیان بەدینەکەن، چۆن دەتوانین چاوەڕوان بین کە بێنە ڕیزی خەباتەوە و ئامادەی فیداکاری بن؟

ئەگەریش چالاکانی مافەکانی ژنان لەو باوەڕە دابن کە هەوڵەکانی ئەوان کەوتووەتە پەراوێزەوە، چاویان لە ئەزموونی باشووری کوردستانە. پاش نزیکەی ١٧ساڵ دەسەڵاتی خۆماڵی و تێپەڕبوونی زیاتر لە پێنج ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕێژیمی بەعسدا، هێشتایش زۆر بەداخەوە ئاماری کوشتن و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان هەر ڕوو لە زیادبوونە. لەم بەشەی کوردستان سەرەڕای هەوڵو تێکۆشانی ئێجگار زۆر و پربایەخی ژمارەیەک لە ژنانی چالاک و هەڵسووڕاو کە توانیویانە بزووتنەوەیەکی یەکسانی تارادەیەک کارامە بخەنەگەڕ، هێشتا سیستەمی پیاوسالاری بە شێوەیەکی هێرشبەرانە تەنانەت تەنگی بە ژنانی هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی یەکسانییش هەڵچنیوە.

گومان لەوەدا نیە کە دەکرێ هەوڵەکان لێکگرێبدرێن و هاوکات لەگەڵ خەبات بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی میللی لە کوردستان خەبات بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و لەوانەش مافی یەکسان بۆ ژنانیش بەردەوام بێت. هەرچەشنە پلەبەندی کردن لەڕاستیدا خۆشاردنەوەیە لە پابەندبوون بە پێوەرەکانی ئازادی و دیموکراسی و مافی تاکەکان.

***. حیزبە نەتەوەییەکانی کوردستان ئەگەر نەڵێم هەموویان، زۆربەیان ساڵەهایە باسی ڕۆڵی ژنان لە خەباتی نەتەوەییدا دەکەن، بە شانو شەپیلکی ژنان دا هەڵدەڵێنو بانگەشەی دەستەبەربوونی مافەکانی ژنان دەکەن. لەهەمان کاتیشدا ئەگەر چاو لە ڕیزی ئەو حیزبانە دەکەی ژنان لە پەراوێزدانو بە تایبەتی زۆر بە کەمی لە ڕیزی پۆستە کلیدییەکاندا دەبینرێن، یان لە ڕاگەیەنو هەڵوێستەکانیاندا بەرامبەر بە مەسەلەکانی ژنان زۤر بێتەفاوەتن، (بۆ نموونە لەسەر کوشتنی ژنان لە سەر مەسەلەی بەناو شەرەفو نامووس) ئێوە وەك چالاکێکی سیاسیو یەکسانیخوازێك ئەمە چۆن لێك دەدەنەوە؟***

و: حیزبەکانی کوردستان دیارە بە هێندێک جیاوازییەوە لە حیزبێکەوە بۆ ئەوی دیکە، نیشانیانداوە کە هیچکامیان نەیانتوانییوە پرسی ژن نەک لە کۆمەڵگا، بەڵکوو لە ناو ڕیزەکانی خۆیاندا چارەسەر بکەن. وشەی بریقەدار و ڕستەی جوان سەبارەت بە پشتگیری کردن لە مافی ژنان لە ناو پەیڕەو پرۆگرامی هەموو حیزبەکاندا دەبیندرێتەوە. لە ڕادەی بەرپرسیارەتی و لە پۆستە کلیدییەکاندا بەتەواوی پەراوێز خراون. ئەگەریش کەسانێکیان لە ناو کۆمیتەی ناوەندیدا وەکوو ئەندام وەرگیرابن، بەکردەوە نە دەنگیان و نە بۆچوونەکانیان گرینگییەکی ئەوتۆیان پێنەدراوە. ئەو خانمانەی کە ماوەیەک ئەندامی ناوەندی ڕێکخراوەکان بوون ئەزموونی تاڵ لە کەم دەسەڵاتی خۆیان و گوێنەگرتن لە ڕاو بیرو بۆچوونەکانیان دەگێڕنەوە. ئەم ژنانە نەبوونەتە نموونەیەک بۆ باقی ژنانی ناو حیزبەکە بۆ ئەوەی بتوانن سەرنجی ئەوان ڕابکێشن و هاندەرێک بن بۆ هێزی نوێ و لاوان کە بوێرن بێنە پێش و بەرپرسایەتی وەربگرن.

زۆر جار لە ناو کۆنگرەکاندا دەبیسترێت کە "بەداخەوە ژنانی لێهاتوو، تێگەیشتوو و کارامەمان زۆر نیە" یان ئەوەی کە "زۆرمان هەوڵدا بەڵام خۆیان ئامادە نەبوون خۆیان کاندیدا بکەن و نایەنە پێش"! ئەم دوو سەرنجە لەلای زۆربەی حیزبەکان دەبیسترێت.

بەبڕوای من هەردوو ئەم بۆچوونانە زۆر بە هەڵەدا دەچن:

١ـ بۆچوونی یەکەم کە دەڵێت ژنی لێهاتوو و کارامە نیە، یان زۆر کەمن، لەڕاستیدا دەیەوێت بڵێت کە پیاوانی کارامە و لێهاتوو زۆرن! باشە بۆ کاتێک دێتە سەر باسی هەڵبژاردنی ژنان بۆ ئەو پۆستانە لەپڕ ئاستی پێوەرەکان بەرز دەکرێنەوە و لیستێکی درێژ لە لێهاتوویی و لێزانی دەخرێتە بەردەستیان. لەکاتێکدا ئەم ژنانە لە کۆمەڵگایەکەوە هاتوون کە هەتا سەر ئێسقان پیاوسالارە و زۆربەی درگاکانی لەسەر بەرەوپێشچوون و گەشەی ژنان و کچان داخستووە، چۆن چاوەڕوانی ئاوایان لێبکرێت؟ وادیارە ئەوە لە بیر دەکرێت کە ئەم ژنانە تا چ ڕادەیەک ئازایەتی و فیداکارییان نواندوە هەتا توانیویانە لە وەها کۆمەڵگایەکدا بێنەپێش. من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ژنان هەر تەنها لەبەر ژن بوونیان ببرێنە ناو کۆمیتەی ناوەندی و پۆستی باڵایان پێبدرێت. تەنانەت پێموایە زۆرجار ئەمکارە کراوە و زۆریش ناسەرکەوتووە. لەهەمان کاتیشدا گومانم نیە لەوەدا کە ژنانی لێهاتوو و کارامە کەم نین. قسە لەسەر ئەوەیە کە حیزب و ڕێکخراو تا چ ڕادەیەک ڕێگاخۆشکەر بووە بۆ گەشەو بەرەوپێشچوونی ژنانی ناو ڕیزەکانی خۆیان؟ ئایا چەندجار لە پلێنومەکان و لە کۆبوونەوە گەورەکانی ناوخۆدا کێشەی ژن و پرسی بەشداربوونی ژنان لە ڕیزەکانی خوارەوەو سەرەوەدا وەکوو باسێکی گرینگ هاتووەتە گۆڕ و باسی لێکراوە؟ ئایا قەت باسی ئەوەکراوە کە ڕێژەیەک دابندرێت بۆ ئەوەی ئەندامانی فلانە کۆمیتە لە ژنان پێکبێت؟ ئەگەر وابووە ئایا نەخشەی پێویست و یەکەم هەنگاوەکان بۆ ڕێگاخۆشکردن بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجە خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە؟

٢ـ ئەوەی کە ژنان خۆیان دەستپێشخەری ناکەن و ڕاستەوخۆ ناچنەپێش و خۆیان کاندیدا ناکەن، نابێت هەر لە چوارچێوەی ڕۆژەکانی کۆنگرەدا ببیندرێت. بۆ تێگەیشتن لەو بێمەیلییەی ژنان لەو کاتانەدا پێویستە ئاوڕێک لە مانگەکان و ساڵەکانی پێش کۆنگرە بدەنەوە. ئەوە ڕاستە کە ژنان خۆیان ئەبێت هەنگاوی یەکەم هەڵبگرن و ویست و خواستی وەرگرتنی پۆست و چوونە ناو کۆمیتەکانی باڵای ڕێکخراویان تێدا هەبێت. بەڵام ئایا ئەگەر ئەوان ویستیان، بەکردەوە دەتوانن؟ ئەگەر توانییان ئایا دەوێرن ئەو هەنگاوە هەڵبگرن و نەترسن لە تەوس و تانەو تەشەری هاورێیانی پیاو لەبەر ئەوەی لە هەموو شتێکدا زۆر پسپۆڕ و شارەزا نەبن؟ ئەی ئەگەر وێرایان ئایا ڕێگایان پێدەدرێت و لە ناو کۆمیتەکان و کۆڕی بڕیار و باس و لێکۆڵینەوەکاندا گرینگی بە قسەوباس و هەڵوێستەکانی ئەوان دەدرێت؟ ئەی ئەو ژنەی کە منداڵی وردی هەیە و کاری ناوماڵیش هەر لەسەر شانی ئەوە، ئایا وەرگرتنی بەرپرسیارەتی نابێتە هۆی چەند بەرابەر بوونی ئەرکەکانی سەرشانی؟ بە وردی لێکدانەوەی هەموو ئەم خاڵانە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە کۆنگرەدا ڕاستە ژنان و پیاوان هەردوولا وەکوو ئەندامان و خاوەنی دەنگی یەکسان بەشدارن، بەڵام کاتێک لە پیاوێک و ژنێک داوادەکرێت خۆیان کاندیداکەن بۆ کۆمیتەی ناوەندی، ئەگەر پیاوەکە بیر لە پێنج شت بکاتەوە، ژنەکە ئەبێت بیر لە لانیکەم پازدە شتی جۆراوجۆر بکاتەوە پێش ئەوەی بتوانێت وەڵامی ئا یان نا بداتەوە!

بێ هەڵوێستبوون یان هەڵوێستی لاوازی حیزبەکان لەسەر کێشە گرینگەکانی وەکوو توندوتیژی و کوشتن بەناوی شەرەفەوە، هۆی سەرەکیی ئەوەیە کە ئەوانە لەناو ئەو سیستمە پیاوسالارانەوە هەڵقوڵاون و بەئاسانی دەستبەرداری نابن. جگە لەوەش لە باتی دیتن و گەڕان بە شوێن چارەسەرێکدا بۆ ئەو گیروگرفتانە، هەوڵیان ئەوەیە بیشارنەوە و بڵێن ئەوە هیچ نییە، ئەوە هەر تووڕەبوونی تاکەکەسێکە و نابێت زۆر گەورە بکرێتەوە خۆ هەر لەناو کورد دا نیە!

***داهاتووی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟ پێتان وانیە ئەگەر ڕۆژێك ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ستەمی نەتەوەیی ڕزگاری بوو، ئەوانیش وەك ژنانی باشوور نووشی نەهامەتیو ئەو ڕەشەکوژییانە نەبنەوە لەسەر مەسەلەی ناموسو شەرەف کە هەر ئێستا کەم نین ئەو ژنانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئەو مەسەلەیە گیانیان لێدەسەێندرێ؟ چ بکرێ بۆ ئەوەی چارەنووسی ژنی کورد لەم تراژیدیایە ڕزگاری بێت؟***

و: من گەشبینم بە داهاتووی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. چاوخشاندنێک بەسەر ژمارەی ژنان و کچانی چالاک لە بوارە جۆراوجۆرە هونەری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکان لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵاتیش ئومێدبەخشە. چ لە ڕێگای بەشداریکردن لە کۆڕو کۆنفرانس و کۆبوونەوەکان لە دەرەوەی وڵات و یان لە خودی کوردستان، چ لە ڕێگای خوێندنەوەی وتار و شێعر و تیاتر و چالاکی کۆمەڵایەتی وەکوو هەشتی مارس و پارێزگاری لە مافی منداڵان و چ لە ڕێگای بەشداربوون لە بزووتنەوەکانی زانکۆکانی کوردستان و هی ئێران و هەروەها بەشداریی چالاکانە لە بزووتنەوەی پارێزگاریکردن لە مافی ژنان، هەموو ئەمانە ئاستی تێگەیشتوویی و پێشکەوتن و ژیربوونی ژنان و کچانمان پێنیشاندەدەن. کەڵکوەرگرتن لەو مەودا کورت و بەرتەسکەی کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەگونجێت، دیاردەیەکی تازەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەباشی خۆ دەنوێنێت.

لەوەها هەلومەرجێکدا زەحمەتە ئەوەی کە لە باشووری کوردستان لەم ١٧ ساڵەدا ڕوویداوە، لێرەش دووپات بکرێتەوە. لەبەر چەند سەبەب: یەکەم ئەوەی کە ساختاری کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر جیاوازە لە هی باشوور چونکوو سیستمی عەشیرەتی بەو چەشنەی لەوێ هەیە یان هەر نیە یان ئەگەریش هەبێت نەک خودی سیستمەکە بەڵکوو فەرهەنگی عەشیرەتییەکە زۆر بە لاوازی ماوەتەوە. لەوەها سیستەمێکدا ژن بوونی نییە و لەپێناو کێشەی عەشایری و شەڕوکێشەی نێوانیاندا ژن و کچ وەکوو پوول و پارەو کاڵایەک بۆ ئاڵوگۆڕ پێکردن و مامەڵە بەکار ئەهێندرێت.

دووهەم، ئەنفال و هەڵەبجە و ئەو جینوساید و بکۆمەڵکوژییەی کە حکوومەتی بەعس لە باشوور کردوویەتی شوێنەوارێکی زۆر قووڵی لە ناو کۆمەڵگادا بەجێهێشتووە و باری قورسی ئەم بارودۆخەیش بە پلەی یەکەم بەسەر ژناندا شکاوەتەوە.

سێهەم حیزبەکانی باشووری کوردستان لەژێر کاریگەری ئەم وەزعەدا لەلایەکەوە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر ئەندام و پێشمەرگە بوون کە لە وەها کۆمەڵگایەکەوە هاتوون و لەلایەکی دیکەوە سەرکردایەتیی حیزبەکان لەکاتی شەڕی پێشمەرگانەدا — زۆر بە داخەوە بە تایبەت لە کاتی شەڕی ناخۆدا - بۆ کۆکردنەوەی هێز و لە کاتی دەسەڵاتدارەتیشدا بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و پڕکردنی سندووقی دەنگدان لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان و لایەنی دواکەوتووی فەرهەنگ و داب ونەریتدا سازشی زۆریان کردوە و هێندێک جار بەتەواوی سەریان بۆ دانەواندوون.

چوارەم ئەوەی کە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی باشووری کوردستان هەر بەتەنها خزمەتی بە ژنانی باشوور نەکردوە بەڵکوو زۆر لە نزیکەوە بوونەتە پشتیوانێکیش بۆ بزووتنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە پێی توانا یارمەتییان داوە.

سەرەڕای ئەوانەش هیچ گەرەنتییەک نیە کە شەڕی دەسەڵات لە نێو حیزبەکاندا لە ڕۆژهەڵاتیش ڕوونەدات. هەرچی ئێستا و ئەمرۆ کە لە دەسەڵاتدا نین پابەندبوونی خۆیان بە پێوەرەکانی ئازادی و دیموکراسی زۆرتر ڕابگەیەنن و بە کردەوە لە ناوخۆدا پەیرەوی بکەن و دڵنیایی بدەن کە دەست نادەنە چەک و توندوتیژی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆیان، هەر بەو ئەندازەیەش ڕێگا خۆشتر ئەبێت بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و شەفافییەت و کردنەوەی درگای پێکەوەهەڵکردن و سەلماندنی لایەنی جیاواز.

لەسەر مەسەلەی کوشتن بەناوی ناموسەوە و توندوتیژی بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەبێت ڕاستییەک لەبیر نەکەین ئەویش هەبوونی یاسای زۆر دژبەژن لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دایە کە یان بێدەنگ دەبێت لە بەرامبەر ئەم توندوتیژییەی کە دەرهەق بە ژنان و کچان دەکرێت (کە نموونەیەکی زۆر دڕندانەیمان بەمدواییانە لە ناوچەی مەریوان بینی)، یان ئەوەی کە ڕاستەوخۆ هاندەر و پشتیوانی توندوتیژی و ستەمە بەرامبەر بە ژنان).

سەرەڕای هەموو ئەمانە بۆ ئەوەی بارودۆخی ژنانی باشوور لە داوڕۆژی دەسەڵاتداریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووپات نەبێتەوە، پێویستە کە ڕێکخراوەکان هەر لە ئێستاوە بە گرینگی دان بە مەسەلەی ژنان، لێبڕاوانە کاربکەن: دەبێت کوشتن بەناوی ناموسەوە مەحکووم بکەن کە وەکوو دیاردەیەکی دزێو زۆر بەداخەوە نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و ئاسیا بوونی هەیە و تەنها بە سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە کە دەتوانین هەوڵبدەین بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ نەهێشتن و بنبڕکردنی. ئەوەی کە لە ئورووپا و لە وڵاتانی ڕۆژئاوایش ژن ئەکوژرێت و ئەکەوێتە بەر توندوتیژی هیچ لەو ڕاستییەی سەرەوە سەبارەت بە کوشتنی ناموسی کەم ناکاتەوە. خراپ بوونی یەک لەم دوو دیاردەیە هیچ لە دڕندەیی و دژە مرۆڤ بوونی ئەوی دیکە کەم ناکاتەوە.

بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بە تەنها یەک یان دوو هەنگاو چارەسەر ناکرێت بەڵکوو پێویستە کاری زۆر درێژ خایەنی پێشگیرانەی بۆ بکرێت. لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا هەر لە باخچەی ساوایانەوە هەتا خوێندگەی سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆ و هەتا هەر کون و قوژبنێکی کۆمەڵگا و شوێنی کار. سیستمی پیاوسالاری سەدان ساڵە ڕەگ و ریشەی داکوتاوە و هەڵکەندن و ریشەکێش کردنی کارێکی ئاسان نیە و گومان لەوەدا نییە کە لە هەموو ئاستێکدا لەگەڵ کۆمەڵێک دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. حیزبەکان ئەبێت هەر لەکۆمیتەی ناوەندییەوە بگرە هەتا هەموو کۆمیتەکان و ڕێکخستنەکانی دیکە بە وردی بۆ ئەم مەبەستە کاربکەن و لەبیریان بێت کە هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکەیان لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا پەروەدەبوون و ئەوانەی کە بە ڕاستی بوونەتە لایەنگری ئازادی و دیموکراسی و مافی یەکسان بۆ ژنان، بە هەوڵ و خەباتی زۆر خۆیان گەیاندووەتە ئەو ئاستە.

لە ئاستی جیهاندا ڕێژەی مردنی منداڵ لە وڵاتێک نیشانی ئەدات کە ئەو وڵاتە تا چ ڕادەیەک پێشکەوتووە. بەبڕوای من ئەو حیزبە پێشکەوتووە کە لە بواری خەبات بۆ یەکسانی لە کۆمەڵگادا دەسکەوتی گرینگی بەدەستهێناوە و ئەو وڵاتە پێشکەوتووە کە توانیبێتی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان زۆر کەم بکاتەوە.

ئەو حیزبە پێشکەوتووە
کە لە بواری خەبات بۆ
یەکسانی لە کۆمەڵگادا
دەسکەوتی گرینگی
بەدەستهێناوە و ئەو وڵاتە
پێشکەوتووە کە
توانیبیویەتی توندوتیژی
بەرامبەر بە ژنان زۆر
کەم بکاتەوە.



ئەحمەدی ئەسکەندەری یەکێکە لە سیما ناسراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کاك ئەحمەد بە بڕوا بە مافی بەرابەری ژنو پیاو بە دەیان وتارو بابەتو وەرگێرانی لەسەر مەسەلەو کێشەکانی ژنان لە سایتو ڕۆژنامەکاندا بڵاوبۆتەوە. هەر لە پێوەندی لەسەر لایەنێکی دیکەی کێشەکانی ژنان ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ پێك هێناوە.

### لەئەدمۆنزەوەبۆ دیمستۆرا

# لەپێوەندی لەگەڵ کێشەی سنووری هەرێمی کوردستان (*)

راپۆرتی: فەرمان عەبدولرەحمان

رۆژی ٣٠ی ئەم مانگە ٨٤ ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر پێکهێنانی ئەو کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوەیەی کە بە بڕیارێکی کۆمەڵەی گەلان (عصبەالامم) دروست کرا بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی کێشەی خاوەندارێتیی ویلایەتی موسڵ، کە لە نێوان تورکیای پاشماوەی عوسمانیو بەریتانیای داگیرکەری ئەوکاتی عێراق دروست ببوو، دواتر پێشکەشکردنی پێشنیازێك بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکە.

لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە نەخشەی سیاسیی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ ئاوێتەی ئەو کێشمەکیشە بوو کە بە کێشەی ویلایەتی موسڵ ناسرا لە مێژوودا، کە تورکیای پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانیخۆی بە خاوەنی شەرعیی ئەو جوگرافیایە دەزانیو بەریتانیاش کە تازە میرنشینی عێراقی لە ژێر چاودێری خۆیدا دروست کردبوو، بە بەشێك لە خاکە ئینتیدابکراوەکەی خۆی دەزانی.

لە٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٤دا کۆمەڵەی گەلان بڕیاری پێکهێنانی کۆمسیۆنێکی لێکۆڵینەوەیدا بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکە لە نێوان تورکیاو بەریتانیا.

د. فازڵ حسێن کە توێژەرێکی عێراقییە، لە کتێبی (مشکلة موصل، دراسة فی الدبلوماسیة العراقیة والانجلیزیة والترکیة وفی رأی العام)، ئاماژە بەوە دەکات کەکۆمسیۆنی لێکۆڵینەوەکە پاش پشکنینو شیکردنەوەی تەواوی بەڵگەکانی هەردوو لایەن، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەگەر رەهەندی ئیتنۆگرافی بە هەند بگیرێت، ئەوا پێویستە ویلایەتی موسڵ بکرێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان، بەڵام ئەگەر رەهەندی ئابووری بەهەند بگیرێت، ئەوا پێویستە بلکێنرێت بە عێراقەوە.

هەروەها لە یەکێك لە ئەنجامگیرییەکانی کۆمسیۆنەکەدا هاتووە"سێ ناوچەی جیاوازو ئاشکرا لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە، عێراقی عەرەبی، جەزیرە، کوردستان، کە سنووری عێراقی عەرەبی لە باکوورەوە لە هیتو تکریت یاخود زنجیرە چیاکانی حەمرین تێپەڕ ناکات". بەڵام بەدەر لە ئەنجامگیرییەکانی کۆمسیۆنەکەو بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی بەریتانیا، بە بڕیارێك لە١٦ی کانونی دووەمی١٩٢٥، کۆمەڵەی گەلان بەرەسمیی ویلایەتی موسڵی لکاند بە عێراقەوە.




ئەدمۆنز کە ئەفسەری پەیوەندی بوو لە کۆمسیۆنەکەدا، وتی: "هیچ کاتێك گومان داینەگرتین کە ئێمە لە شەڕی مانو نەمان داین بە نیسبەت عێراقەوە، چونکە بە دڵنیاییەوە لە بەر هەندێك هۆی ئابووریو ستراتیژی، ویلایەتیبەسرەو بەغدا ناتوانن بە بێ موسڵ دەوڵەتێکی مەعقول پێك بهێنن".

لێرەوە دیاریکردنیسنووری باکوورو باکووری خۆرئاواو خۆرهەڵاتی هەرێم کارێکیئاسانە، چونکە لەگەڵ سنووری نێودەوڵەتییعێراق لەگەڵ ئێرانو تورکیاو سوریادا رێك دەکەوێت، بەڵام ئەوەی سەختو دژوارە، سنووری باشوورو باشووریخۆرئاوایە، کە بەردەوام جێی ناکۆکیو ململانێیکوردو حکومەتە جیاوازەکانیعێراق بووەو مەسەلەی دیاریکردنی ئەو سنوورەش بە بڕوای زۆرێك لە پسپۆڕانیسیاسیو مێژوویی، هۆکاری سەرەکیی شکستو سەرنەگرتنی رێککەوتننامەو دانووستانەکانی نێوان کوردو حکومەتی عێراقی بووە.

لە دوای رووخانی رژێمی بەعس، مادەی ١٤٠ وەکو میکانیزمێکی دەستووریی پشتی پێ بەسترا بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمو یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانەی ململانێیان لە سەرە، بەڵام دوای تێپەڕینی نزیکەی ساڵێك بەسەر تێپەڕینی وادەی جێبەجێکردنی ئەو مادەیەدا، تا ئێستا ئاسۆکان نادیارنو پەیوەندییەکانیکوردو حکومەتی ناوەندییش لە ئاڵۆزترین ئاستی دایە لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا. مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە دیمانەیەکی رادیۆ دەنگی ئەمریکادا رایگەیاند ئەو گرفتانەی کە هەن گرفتی مێژوویین، بەڵام مادەی ١٤٠ کە مادەیەکی دەستوورییە، نیشانی داوە کە چۆن چارەسەری ئەم گرفتە بکرێت، جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ نەهێشتنی گرفتێکە نەك دروستکردنی گرفت، ئەوانەی داوا دەکەن مادەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرێت، نایانەوێت ئەو گرفتە مێژووییانەی لە عێراقدا هەبوون چارەسەر بکرێن.

بە بڕوای هەندێك لە چاودێرانی سیاسی، کێشەیکورد لە عێراقدا لە کێشەی مافەوە تێپەڕیوە بۆ کێشەی سنوور. فەرید ئەسەسەرد، سەرۆکی بەڕێوەبەری سەنتەری ستراتیژیکوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە ئاماژە بەو دەکات کەجاران کورد کێشەی دابینکردنی مافە سەرەتاییەکانی ژیانی هەبوو وەکو نەتەوەیەك لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام مەسەلەکە ئێستا لەوە تێپەڕیوەو کورد لە چوارچێوەی عێراقدا کێشەی دیاریکردنی سنووری فیدراڵییەکەی هەیە. بەڵام دیاریکردنیسنووری هەرێمو بە رەسمی ناساندنی ئەو سنوورە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، کارێکی ئاسان نییە.

د. خەلیل ئیسماعیل، پسپۆڕی جوگرافیا لە زانکۆی سەلاحەدین، پێی وایە کێشەی کورد لە عێراقدا بە نیسبەت حکومەتە جیاوازەکانی عێراقەوە کێشەی (وجود)ە نەك (حدود)، روونیش یکردەوە کە ئەوان وەکو جوگرافیناسێك بە پشت بەستن بە بەڵگە جوگرافیو مێژووییەکان، ساڵی ٢٠٠٥ توانیویانە سنوورێك بۆ باشوورو باشووری خۆرئاوای هەرێم دابنێن، کە ئەویش لە (شاخەکانیسنجارو مەکحول دەست پێدەکات تا زنجیرە شاخەکانی حەمرین بەرەو خوارووی مەندەلیو بەدرەو جەسان). د. خەلیل ئیسماعیل وتی: "مادەی ١٤٠ بۆ جێگیر کردنی سنووری هەرێمە، بەڵام حکومەتەکانی بەغدا نە دوێنێو نە ئەمڕۆو نە سبەینێ رازی نابن بە دیاریکردنی سنووری هەرێم".

رووبەری گشتیی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٨٢ هەزارو ٦٢٠ کیلۆمەتر دوو جایە، بەڵام چارەنووسی زیاتر لە٤٠ هەزارو ٥٦٧ کیلۆمەتر دووجای ئەو رووبەرە لە چوارچێوەی مادەی١٤٠دا یەکلا دەکرێتەوە، کە دەکاتە ٤٨%ی رووبەری گشتیی هەرێم، هەر وەك لە خشتەی ژمارەیەكو نەخشەی ژمارەیەکدا ئاماژەی بۆ کراوە.

سەرۆکی هەرێم لەو چاوپێکەوتنەی دەنگی ئەمەریکادا راشیگەیاند: دەمانەوێت بە پێی مێژوو بە پێی جوگرافیاو گەڕانەوە بۆ بۆچوونی خەڵکەکە گرفتەکە چارەسەر بکەین. وتیشی: "سنووری هەرێمی کوردستان بە هێز دانانرێت، بەڵکو بە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دەبێتو ئێمە بە سنووری دیاریکراو لەلایەن ئەو مادەیەوە رازین، رێککەوتنەکەش وایە، بەڵام قبووڵ ناکەین سنوور بەهێز دابنرێت".

لە دوای تەواو بوونی وادەی یاسایی جێبەجێکردنی لە٢٠٠٧/١٢/٣١ نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە هاوکێشەکەوەو ستیفان دیمستۆرا راسپێردرا وەکو نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان تا چارەسەری ناوچە کێشەدارەکان بکات، دوای درێژکردنەوەی شەش مانگی تری مادەکە، لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی رابردوو بەشی یەکەمی پێشنیازەکانی پێشکەش کرد کە نارەزاییەکی زۆری سەرکردایەتیی کوردی لێ کەوتەوە، دوای چەند دانیشتنێک لەگەڵ لایەنە جیاوازەکان، بڕیار بوو مانگی ئەیلول بەشی دووەمی پێشنیازەکانی پێشکەش بکات، بەڵام تا ئێستا بەشی دووەمی پێشنیازەکەی پێشکەش نەکردووە، پێدەچێت دوا بکەوێت. جێبەجێ نەکردنی مادەی١٤٠ مانای هێشتنەوەی چارەنووسی ناوچە کێشەدارەکان بە هەڵپەسێراویو دواتریش دیاری نەکردنی سنووری هەرێم، کە بە باوەڕی چاودێرانی سیاسی، ناکۆکی لەسەر دیاریکردنی سنوور رەنگە تەوەری گێرمەو کێشەکانی داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمو ناوەند بێت.

فەرید ئەسەسەرد، بەڕێوەبەری سەنتەری ستراتیژیی کوردستان، ئاماژەی بەوە کرد کە زۆرجار ناکۆکی لەسەر سنوور، جەنگی گەورە لە نێوان دەوڵەتاندا دروست دەکات، بەڵام بە بڕوای ئەو پێناچێت کێشەیسنووری هەرێم ببێتە هۆی بەرپاکردنی جەنگ لەگەڵ حکومەتی ناوەندا، لەو بارەیەوە وتی: "پێناچێت مەسەلەی سنوور شەڕ هەڵ بگیرسێنێت لە نێوان هەرێمو ناوەندا، بەڵام دەبێتە هۆی گرژیو کێشمەکێش". روونیشی کردەوە کە جێبەجێکردنیمادەی ١٤٠ وەکو ئەوەیلە دەستووردا هاتووە، رەنگە کارێکیقورس بێت، بەڵام لەبەر هۆکاری ناوخۆییو نێودەوڵەتی، مادەکە هەر جێبەجێ دەبێت، بەڵام رەنگە وەك ئەوە نەبێت کە کورد دەیخوازێت.

سەرۆکی هەرێمیش هۆشداریی ئەوەی دا کە دەبێت هەموو لایەك لە بیریان نەچێت لە دەستووری عێراقدا هاتووە "جێبەجێکردنی دەستوور مەرجی مانەوەی عێراقە بە یەکپارچەیی".

(*) ئەم بابەتە لە ماڵپەڕی سبەی وەرگیراوە

| پارێزگا | رووبەری گشتی پارێزگا | رووبەری خاکی کوردی لەپارێزگا | رێژەکەی (%) | رووبەری ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم | رێژەکەی (%) | رووبەری مادەی 140 | رێژەکەی (%) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 17023کم2 | 17023کم2 | 100 | 17023کم2 | 100 | - | - |
| هەولێر | 14471کم2 | 14471کم2 | 100 | 11688کم2 | 80.8 | 2783کم2 | 19.2 |
| دهۆك | 6552کم2 | 6552کم2 | 100 | 5980کم2 | 91.3 | 573کم2 | 8.7 |
| کەرکوك | 10282کم2 | 10282کم2 | 100 | - | - | 10282کم2 | 100 |
| دیالە | 19076کم2 | 11867کم2 | 62.2 | 1520کم2 | 12.8 | 10347کم2 | 76.9 |
| موسڵ | 35839کم2 | 14666کم2 | 40.9 | 3387کم2 | 23.1 | 11279کم2 | 76.9 |
| سەلاحەدین | 26175کم2 | 4019کم2 | 24.1 | 969کم2 | 15.3 | 3050کم2 | 75.9 |
| عەمارە | 17307کم2 | 3740کم2 | 26.1 | - | - | 17307کم2 | 100 |

## پانۆراما

### فشارەکان بۆ سەر هاووڵاتییانی کورد لە سووریە پەرەی سەندووە

بە پێی هەواڵەکان ئەم دواییانە حکوومەتی بەعسی سووریە فشارەکانی بۆ سەر هاووڵاتییان و چالاکانی سیاسی و فەرهەنگی کورد لەو وڵاتە زیاتر کردوەو ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییانی کورد دەسبەسەر کراون. چالاکانی مافی مرۆڤ لەم بارەیەوە رایانگەیاندووە کە دەسبەسەرکرانی ئەو کوردانە بە شێوەیەکی نایاسایی بووەو حکوومەتیش هۆکارەکەی تا ئێستا روون نەکردۆتەوە.

شایانی باسە هەر ئێستا چەندین سەرکردەی سیاسی و چالاکی فەرهەنگی کورد لەوانە محەممەد مووسا، تەلال محەممەد رێکخەری گشتی ویفاقی دیموکراتی لە سووریە، عەمران سەیدۆ، هۆزان بادڵی شاعیرو رووناکبیر، محەممەد سەعید عەبدی، عەبدولباقی خەلەف، نیزاڵ، مونزەر نیسکان و مەشعەل تەمۆی و ... لە زیندانەکانی رێژیمی سووریە دان و چارەنووسیان نادیارە.

### جان نیگرۆ پۆنتە : ئەمریکا پشتیوانی لە جێبەجێ کردنی مادەی١٤٠ دەکات

جان نیگرۆ پۆنتە جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە سەردانەکەیدا بۆ هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ لە یاسای بنەڕەتی عێراق دەکاو خوازیارە کێشەی کەرکووك بە جۆرێك چارەسەر بکرێ کە هەموو لایەنەکان پێی رازی بن.

شایانی باسە سەردانی جان نیگرۆ پۆنتە بۆ هەرێمی کوردستان و دانیشتن لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد نارەزایی لە نێو زۆر لایەنی عەرەبی عێراق دروست کرد و لایان وایە کە ئەمە جۆرێکە لە پشتیوانی ئەمریکا لە داخوازی کوردەکان.

### ئەردوغان : بۆ درێژەدان بە شەڕی پ.ك ك ئامادەین هەموو نرخێك بدەین

رەجەب تەیب ئەردوغان سەرۆك وەزیری تورکیە رایگەیاند کە وڵاتەکەی ئامادەیە بۆ درێژەپێدان بە شەڕی پارتی کرێکارانی کوردستان تا لەناوبردنی یەکجارەکییان ئامادەیە هەموو نرخێك بدا.

ئەردوغان هەروەها داوای لە هەموو هاووڵاتییانی تورکیە کرد کە شانبەشانی یەکتر لە دژی PKK راوەستن.

ئەم لێدوانەی ئەردوغان بە دوای ئەوەدا هات کە هێزێك لە گەریلاکانی PKK لە ناوچەی شەمدینان هێرش دەکەنە سەر سوپای تورکیەو ١٥ سەرباز دەکوژن. هەر لەو شەڕەدا بە وتەی بەرپرسانی سوپای تورکیە ٢٣ گەریلاش گیانیان لەدەست داوە.

# چالاکیی مەدەنی، نۆرم و هەنجارەکان

رەحمان پیرۆتی

وردبوونەوە لە رابردووی سیاسی و کومەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەك و، هەروەها روانینێك بە سەر فۆرمی مامەڵە و پەیوەندی نێوان دەسەلاتی زال و کۆمەلانی خەلك پێناسە کردنی دەسەلات، ساکار دەکات. لەو پیوەندیەدا پۆلین بەندیی جیاواز کراوە کە یەك لەوان جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سەر بنەمای دیموکراتیك و نادیموکراتیکە. دەکرێ بگوترێ کە پێکهاتنی ململانێ لە نێوان خەڵکی مافخواز و دەسەڵاتە توتالیتێر و لایەنە پاوانخوازەکان بە واتای هەوڵی خەڵکە بۆ گەیشتن بە داخوازە رەواکانیان. لەم نێوەدا وەك وەڵام و بەرهەڵستکاری کیشەی خەڵك، بە تایبەتی رووناکبیران و چالاکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە پێی هەڵسەنگاندنێك لە بار و دۆخی کاتی، شوێن و ناوچە و هێز و پتانسیەلی کۆمەڵگا و، بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی تۆلێرانسی لایەنی بەرامبەر هەوڵ دەدەن ستراتێژی و مکانیزمی گونجاو بەکار بێنن تا بە دانی لانی کەمی تێچوو، زۆرترین دەسکەوت مسۆگەر بکرێ. دوای ئەوەی فۆرمی کلاسیکی خەبات، وەڵامدەری بارودۆخی هەنووکەیی نەبێ و لەگەل هێندێك کۆسپی سەرەکی روبەرو بێ، بیر لە شێوازێکی نوێی چالاکیی دەکریتەوە کە هاوئاهەنگیی لەگەڵ جیهانی سەردەم هەبێت. دەست پێ کردنی خەباتی مەدەنی وەکوو یەکێك لە شێوازەکانی سەردەمیانەی خەبات خاوەنی چەند تایبەتمەندیی سەرەکییە، کە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین.

تایبەتمەندی چالاکیی مەدەنی پەیوەندی و بە کارهێنانی دیالۆگە بە مەبەستی چارەسەری گرفتەکانە و بەو پێیە زمان وەك کەرەستەی پێوەندی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵك بۆ چارەسەری گرفت و کیشەکان کەلکی بە جێی لێ وەرگیراوە.

بۆ ئەو مەبەستە و تێگەیاندنی لایەنی بەرامبەر ، چالاکانی مەدەنی هەوڵ دەدەن بۆ پێکهێنانی شێوازێکی شارستانییانەی دیالۆگ. وەدیهاتن و سەقامگیربوونی ئەو شێوە دیالۆگە پێویستیی بە جێکەوتن و باوەرپێ بوونی لایەنەکان بەو شێوە، پێویستی و توانایی و خۆراگری و دان بەیەکتر دانانی لایەنە پێوەندیدارەکان هەیە. دیالۆگی شارستانییانە تێدەکۆشێ بە لەبەرچاو گرتنی خاڵە بنەڕەت و هاوبەشەکان، لە جێگای ململانەیی بێ ئاکام، لایەنەکان لێك تێگەیەنێ و بەدانی پلاتفۆرمێکی شیاو رێککەوتنیان لە سەر بنەمای ئاشتی و پەیوەندی دوو یا

> **بیرو باوەڕی خەباتکارانی مەدەنی کە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیك و ئازاد خەبات دەکەن دەبێ هەڵگری تایبەتمەندییەکانی ئەو چەمکە، بە پێی بەرنامە و کۆنوانسیونە نێونەتەوەییەکان بێ**

چەند لایەنە پێك بێنێ.

نۆرمی مامەڵە لە خەباتی مەدەنی دا لە شێوازی رادیکال و توندوتیژ دەگوازرێتەوە سەر شێوەی هێمنانە و سیاسی و رەوا. ئەگەر مێژووی خەبات بە پێی هەل و مەرج و شێوە گەلێکی جیاواز رەچاو بکەین، ئەوەی لەو نێوەدا خاوەنی پلەیەکی تایبەتە، هەڵسەنگاندنی راستەقینەی هەلومەرجە، کە بۆ دارشتنی پلان و مکانیزمەکان رۆڵی سەرەکی دەگیرێ. هەڵسەنگاندنی ریئال و دروست ئەو دەرفەتە دەرەخسێنێ کە ئامانجەکان بە پێی عەقلانییەت دابرێژێ. چالاکی و خەباتی مەدەنی دەبێ خاوەن روانگەیەکی رەخنەگرانەی رێفۆرمی بێت. ئەو روانگە و داب و نەریتە کۆنانە کە دەبنە کۆسپی بەردەم پێشکەوتن دەگرێتە بەر رەخنە و باس لە قەیرانە کۆمەلایەتیەکان و خەسارەکان و کۆسپەکان، بۆ بەهێز کردنی خالە پۆزێتیڤەکان لە مەر چاکسازی و سەرکەوتن دەکات.

کانالی شیاو بۆ بەشداربوون لە چالاکیە مەدەنییەکان، پێکهێنان و رێکخستنی دامەزراوە و ئۆرگانە مەدەنیەکانە و ئەو رێکخراوانە پیکهاتەی جیاوازی رەگەزی، تەمەنی، پیشەیی، زانستی، ئاکادمیك و...لە خۆدەگرن. هەر یەك هەڵگری دروشمی بەرگری و داکۆکی لە رێکخراو و گرووپ و لایەنی جیاوازن کە رەنگبێ کە هەریەك وەك ئامێر بەکار بێن بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیموکراتیك و پێکهاتنی کومەڵگای مەدەنی. رۆڵی روون و کاریگەری ئۆرگانە مەدەنیەکان کە پێوەندییەکی ئەوتۆیان وەك بنەما لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا نیە، لە پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگادا بە درێژایی تەمەنیان بەرچاو بووە. هەر چەند لە رۆژهەلاتی کوردستان دا تەمەنێکی ئەوتۆیان نیە. ئەو رێکخراوانە دەتوانن بەتایبەت لە نیو ئەو کۆمەڵگایانەی دەسەلاتێکی سیاسیی مەسموومیان بەسەردا زاڵە، دەرفەتێکی باش بخولقێنن بۆ لێك کۆبونەوەو لێك نزیك بوونەوەی خۆڕاگران و چالاکانی کۆمەلگا بۆ کۆکردنەوەی هێز و توانای تاکەکان لەو فەزایە و بەرفراوان بوونی گۆڕەپانی کردەوە لەم ئاستەی خەبات. هەروەها بە هۆی ئەوەی کە ئەو رێکخراوانە هەوڵیان دێموکراتیزە کردنی کۆمەڵگایە و، پێویستیان بە پێگەو نفووزی کۆمەلایەتی هەیە. بەو پێیەش زۆربەی خەڵك بەشداریی پرۆسەی دێموکراتیزە بوون دەکەن بە کەڵك وەرگرتن لە هێز و

> **نۆرمی مامەڵە لە خەباتی مەدەنی دا لە شێوازی رادیکال و توندوتیژ دەگوازرێتەوە سەر شێوەی هێمنانە و سیاسی و رەوا**

شوێنەواری جەماوەر، راهاتن و ئاگادار بوونی خەڵك لە مافەکانیان و پەرەسەندنی شوێنەواری چالاکیی تیئوریك لە کردەوەی کۆمەلانی خەلك بۆ بەهێز کردنی خەباتی مەدەنی و میتۆدە عەقلانییەکان ئەگەر هاوئاهەنگ لەگەڵ کەشی واقیع لە لایەك و قۆناغ و شێوازەکانی خەبات لە لایەکی دیکە پێك بێنێ ئاکامی باشی لێ دەکەوێتەوە.

ئۆرگانە مەدەنیەکان دەبێ خاوەنی چەند فاکتۆری سەرەکی، وەك پێڕەو و دارشتنی پلانی نێوخویی بن. بۆ وێنە هێزی تیئوریك بۆ دابینکردنی ستراتیژی شیاو و جوولانەوەی ئوسوولی و رەچاو کردنی شێوازیکی دێموکراتیك بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەندامان و هەروەها ئامراز و مێتۆدی دیموکراتیك و هەڵسوکەوتی شیاو و عەقلانی بە بەکارهێنانی وەك تاکتیك و تێکەڵاوی لەگەڵ کۆمەلانی خەڵك و هەوڵ بۆ بنیادنانی چەمکگەلی مەدەنی شیاوی باس کردنە. بیرو باوەڕی خەباتکارانی مەدەنی کە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیك و ئازاد خەبات دەکەن دەبێ هەلگری تایبەتمەندییەکانی ئەو چەمکە، بە پێی بەرنامە و کۆنوانسیونە نێونەتەوەییەکان بێ کە بریتین لە: ئازادی و یەکسانی، مافی مرۆڤ بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا، دەسەڵاتی یاسا و جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان، ئاڵوگۆری بنەڕەتی بەسەر سوننەتە دواکەتووەکان، ژیانێکی شایستە، سیستەمی دەسەڵاتی هەڵبژاردە، دابینکردنی ئەمنییەت، دەسەڵاتی فرە حیزبی و بوونی ئۆرگانە مەدەنییەکان و هەروەها راگەیاندن و رۆژنامەنووسیی ئازاد و سەربەخۆ.

پەیڤ

## ئایا ئێمە کوردەکان، ئێرانیین؟

برایم جهانگیری | و. بۆ کوردی: سیروان

**کورتە پەیڤێك لەگەڵ ئازادیخوازانی ئێرانی**

سالانێکە ئەم پرسیارە لە زەینمدا وەیلانی وەلامێکی راست و دروستە بەلام هەمیشە لە بەر بەرژەوەندیی سیاسی لە دیتنەوەی ولامێکی شیاوی ئاوەز و مەنتق ماوەتەوە. لەو کاتەوە بە بیرم دێ کە هەرکات خەلکی ئەم نیشتمانە دابەشکراوەی نێوان چوار ولاتی ئێران، عێراق، سوریەو تورکیە هاواری ئازادیخوازییان لێ هەستاوە بێ جیاوازی و لە گشت بابەتەکاندا رستەیەکی ئاشناو دوا وتەیەك کە لە زمان ملهوڕان و ستەمکارانی مێژوو و حاکمانی دلڕەق ودیکتاتۆر بیستوومانە،" تاقمە جیاییخوازەکان"بووە. سەرنج راکێش ئەوەیە کە هەر ئەو جودایی خوازانە، کاتێك ولات لە لایەن بێگانەکانەوە دەستدرێژیی دەکرێتە سەر، ناوێکی تەواو جیاواز لە خۆوە دەگرن و لەلای ئێرانییەکان نازناوی" سنووروانانی ئازا"یان پێ دەبەخشرێ. کە هەرکەس رۆژێك لە مێژووی ئێرانی بە بیر بێ، کەم و زۆر ئەم ناوەی بەرگوێ کەتووە.

لەم پێوەندییەدا، دەبێ خاڵێکی گرینگ و پڕبایەخ بەبیر بێنینەوە ئەویش ئەوەکە بە داخەوە ئەم روانگەو بۆچوونە لە پێوەندی لەگەڵ کوردەکان نەتەنیا لە لایەن حاکمانەوە رەچاو کراوە، بەڵکوو بۆتە فەرهەنگی گشتیی نەتەوە باڵادەستەکانی ئێرانیش. ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە رابردوو بدەینەوە و خەباتی گەلی کورد بەوردی وەرد دەینەوە، دەردەکەوێ کە تەنانەت حیزبەکانی لایەنگری هزری دێموکراتیك و مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانیش بە درێژیی مێژوو بەم چەشنە بیریان کردۆتەوە و هیچ کات لە پەنجەرەی حەقیقەتبینییەوەلە مەسەلەکانی کوردستانیان نەڕوانیوە. لەم بارەوە ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی گەلی کورد هەڵ دەینەوە و پێداچوونەوەیەك بە سەر هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکاندا بکەین، دەبینین کە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی کوردستان و خەباتی ماندوویی نەناسانەی گەلی کورددا، حیزبە سەرانسەرییەکانی ئێرانی بە شێوەیەکی گشتی و لە شکلی جۆراوجۆردا، روانگەیەکی هاوڕایان لەگەڵ حاکمانی زۆرداردا هەبووە. ئەگەر واز لە مێژوو و رابردووی چەندین ساڵە بێنین و سەرنج بدەینە زەمانی ئێستامان، دەبینین کە لە بنەڕەتدا کێشەکە وەك خۆی ماوەتەوە و زۆربەی حیزب و رێکخراوە سەرانسەرییەکانی ئێرانی، تەنانەت لە تیشك خستنە سەر دەنگ و باسی خەباتی خەڵکی کوردستان خۆیان پاراستووە و خەباتی شایانی ستایشی عەگیدانی زوڵم تارێنیان بە هێند گرتووە (دیارە بێجگە لە هێندێك سایتی فارسی زمانی) بە سادەیی لە تەنیشتی تێپەڕیون. لەم بارەوە دەتوانین ئاماژە بە خەباتی بوێرانەی زیندانیایی سیاسیی کورد بکەین، کە بە داخەوە نە باقیی زیندانییانی سیاسیی غەیرەکوردی ئێرانی هاودەنگییان لەگەڵ کردن و نە رێکخراوو حیزبە سیاسییەکانی ئێرانی و سەرانسەری داکۆکییان لێ کردن. دیارە لە راگەیەنە گشتیەیە فارسی زمانەکانیش دا بە شێوەیەك کە شایانی ئەم حەرەکەتە بێ رەنگدانەوەیەکی نەبووە لە حالێکدا لە ماوەی سالانی رابردوودا لە کاتی هاتنەسەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، وەها مانگرتنێکی بەربلاو لە زیندانە تۆقێنەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا نەدیتراوە. هەنووکە نزیکەی زیاتر لە مانگێك لە مانگرتنی زیندانییان تێ دەپەڕێ و لە بەر کەمتەرخەمیی کاربەدەستانی رێژیم مەترسیی مەرگ هەڕەشە لە گیانی زۆربەی زیندانییانی مانگرتوو دەکا.

ئێستا کە لەم چاخە زەمانییەدا، ئەگەر بە دوور لە ژێستی رۆشنبیر ئاسایانە دەمارگرژیی کوردی زەینگەرایانە ئەوەیکە لە پێش خۆمان دەیبینین و بە تەواوی وجودەوە هەستی پێ دەکەین، شی کردنەوە و لێکدانەوەی لە سەر بکەین و بەوردی تێك و لێکی دەینەوە، تێ دەگەین کە لە کاتی ئێستادا، لە بواری فەرهەنگییەوە کێشەیەکی زۆر گەورە لە نێوان ئێمە وەك کورد و دۆستانی دیکە دا هەیە. ئەویش ئەوە کە ئەو ولاتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، نەتەوە باڵادەستەکانی ئەو ولاتانە نەك دەوڵەتانی حاکم، هەمیشە خۆیان بە سەرکەوتوو زانیوە و بە چاوی ژێردەستەو ژێر کەوتوو لە کوردەکانیان روانیوە. لەم بابەتەوە هیچ قسەیەکم لەگەڵ سیستمی حکوومەتی نەبووە و نیە، چونکە باش دەزانم کە دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر و زۆردار، هەر وەك کوردەکان زوڵم لە باقیی نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی جوغرافیایی ئێران دەکەن. بەڵام پرسیاری بێ وەلام ئەوەیە کە بۆ ئەم نەتەوە زوڵم لێکراوە دەبێ لە لایەن ئێرانییانی لایەنگری ئازادییش بەم شێوەیە بە رووساردی وبێخەمی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە چاوەکان بشۆرێن جۆرێکی تر بڕوانین بە بوونی وەها شتێك و روانینێکی نادادپەروەرانەی لەم شێوەیە لە مەڕ گەلی کورد، دەبێ دان بەوەدابنێین کە کوردەکان و گەلانی تری ئێران بۆ وێنە تورکەکانی ئازەربایجان رۆژ لەگەڵ رۆژ لە ئێرانی بوون و ئێرانی بیرکردنەوە دوور دەکەونەوە راستییەك کە غەیرە کوردەکان لە ئێراندا، لێی بێ ئاگاو بێ خەبەرن، یان نایانهەوێ ئەو گۆڕانە لە شێوەی بیرکردنەوەی کوردەکان دا، کە هۆی ئاشکرای زۆرداریی حاکمان و هەلاواردنە هەمیشەییەکانی نەتەوە باڵادەستەکان، ببینن. لە لایەکی ترو لەم نێوەدا منی کوردیش دەبێ لە خۆم بپرسم، لە حالێکدا کە نە خەڵکی ئێران و نە حاکمییەتی دواکەوتوو دژە دێموکراتیکی لە ئەو وڵاتە، وەك ئێرانییەك هەڵسوکەوت لەگەڵ من ناکەن، لە بەر چی خۆم بە ئێرانی بزانم؟

# فەلسەفەی سیاسی چیە؟

رامین جەهانبەگلو | بەشی دووەم | و. بۆ کوردی: ئامانج


لە مێژووی فەلسەفەی سیاسی رۆژئاوادا، ماکیاولی وەك یەکەمین تیۆریستی "دەسەڵاتداری"ی مۆدێرن ناسراون، بەڵام سەرنجراکێش ئەمەیە کە ئەو هیچ کات ئەم چەمکە لە نووسینەکانیدا بەکار ناهێنێ. ماکیاولی وەك دابڕان لە تەکووزیی ئیلاهی سیاسی بیر لە سیاسەت دەکاتەوە و وەك پانتاییەك لە دەسەڵات باسی دەکا کە لە حەقیقەت دا دەسەڵاتداریی مودێرنە. بەم چەشنە، دەتوانین بڵێین کە لە ماکیاولی بەملاوە مۆدێرنیتەی سیاسی دەبێتە سیاسەتێکی مرۆیی. بەڵام ئەگەر سیاسەت خاوەنی چیەتییەکی مرۆییە، کەواتە سیاسەت دەربڕی پرۆژەیەکی مرۆییە و بیرکردنەوە دەربارەی ئەم پرۆژە مرۆییە بەواتای دابین کردنی فەزای کرداری سیاسییە. لە روانگەی ماکیاولییەوە، ئەم فەزای کرداری سیاسییە فەزایەکی سەربەستە، چونکە "لە خۆیدا" و "لە بەر خۆی" پێك دێ.

واتە بنەمایەکی دەرەوەی خۆی چیەتی ئەو دیاری ناکا. بەم چەشنە فەلسەفەیەکی سیاسی کە لە مۆدێرنیتەی یەکەم دا بە ماکیاولی دەست پێدەکا نە لە سەر بناخەی بنەواشەیەکی ئیلاهییە و نە لە سەر بنەمای سیستمێکی گەردوونی، بەڵکوو روانینێکی بە تەواوی و بەرەهایی مرۆڤ تەوەرە. لەم رووەوە، دەتوانین بڵێین کە لە ماکیاولی بەم لاوە مۆدێرنەکان بە پێچەوانەی کلاسیکەکان (پێشینیان) وەك "ئەو شتەی کە هەیە" (واتە راستیی مێژوویی ـ سیاسیی جیهان) و نەوەك "ئەو شتەی کە دەبێ ببێ" (واتە شاری ئەفلاتونی یان ئاگوستینی) بیر لە سیاسەت دەکەنەوە. پرسی مودێرنەکان سیاسەتی ئارمانجیی شاری خەیاڵی نیە، بەڵکوو راستیی سیاسییە کە لە چوار چێوەی چەمکی "دەسەڵاتداری"دا دەردەکەوێ. کەواتە حەقیقەتی سیاسی دەکەوێتە جیهانێکی مێژووییەوەو نەك دنیای دەرەوەی ئەو. لێرەدا مایکاولی باس لە "پێویستییەك" دەکا کە مێژووییە نەك بێبناخە. هێنانە گۆڕی پرسی "پێویستی" لە لایەن ماکیاولییەوە بە واتای روانینێکی خۆی لە پێوەندی نێوان ئاکار و سیاسەتە. لە روانینی شالیاری ماکیاولیدا لوتکەی کرداری سیاسی چاك و خراپ نیە، بەڵکوو ئوتوریتە یان نەبوونی ئۆتوریتە. لە روانگەی ماکیاولییەوە، پیاوانی سیاسی یان پێغەمبەرگەلێکی خاوەن چەك و یان پێغەمبەرگەلێکی بێچەکن. هەر بۆیە ماکیاولی لە پێوەندی لەگەڵ فەزیلەتی ئاکاریدا باس لە کرداری سیاسی ناکا، بەڵکوو باس لە هونەر و توانامەندییەکە (virtu) دەکا کە سیاسەتڤان بۆ جڵەو کردنی پێویستیی مێژوویی نیازی پێیەتی. هەر وەك دەبینین، سیاسەت لە هزری سیاسیی مودێرنیتەی یەکەمدا (بە پێچەوانەی فەلسەفەی سیاسیی سەدەکانی نێوەڕاست کە وەك پانتایی تاوان و تاوانکاران لە سیاسەت دەڕوانێ) پانتایی کرداری مرۆڤەکان لە چوار چێوەی دەسەڵاتداریی شالیاری یان کۆماری دایە.

ژان بودێن نووسەری شەش نامیلکە دەربارەی کۆمار لە درێژەی تیۆری سیاسیی مایکاولیدا وەك "ویستی دەسەڵاتداران" باس لە دەسەڵاتداری دەکا. لە روانگەی بودێنەوە دەسەڵاتداری واتا هەبوونی دەسەڵاتی قانوون دانان. کەواتە دەوڵەت بە پێی وتەی بودێن لە سەر بنەمای دەسەڵات رادەوەستێ و ئەم دەسەڵاتە چیەتییەکی مێژوویی ـ سیاسییە. بەم چەشنە لەگەڵ بودێندا بنەواشەی دەسەڵاتداری لە چوارچێوەی دەوڵەتی مێژووییدا دەردەکەوێ. دەوڵەتی مۆدێرن وەك دەسەڵاتێك دەردەکەوێ کە "رەوایی تەوەر" و "دەسەڵاتداری تەوەر"ە، چونکە رەوایی دەسەڵاتداریی ئەو هەر دووکیان لە دەسەڵاتێکی سیاسیدا کورت دەبنەوە کە ئەمدنیاییە.

لەگەڵ تامس هابزو پرۆژەی لویاتاندا دەسەڵاتداری دەبێتە بنەما و بناخەی مرۆیی قانون. هابز بە پێچەوانەی ماکیاولی کە شالیار دەکاتە ناوەندی دەسەڵاتداری، وەك ویستگەلی پێکهێنەری پەیمانی کۆمەڵایەتی لە تاکەکان دەڕوانێ. لە روانگەی ئەوەوە دەسەڵاتداری بریتییە لە یەکیەتیی تاکەکانی کۆمەڵ لە جەستەیەکی سیاسی و پێڕەویی ئەوان بەهاکان و پێکهاتەکانی ئەو جەستەیە. ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئەم یەکیەتی و پەیمانە، پرسی تەناهی و ترسان لە مردنە. هەر بەم هۆیە، لوتکەی پەیمانی کۆمەڵایەتیی هابز، ئاشتی بەردەوامی پێکهاتەی سیاسی لە رێگەی قانوونەوەیە. هابز بۆ شیکاریی ئەو کۆمەڵگە سیاسییەی مەبەستێتی باس لە چەمکی "دۆخی سروشتی" وەك دۆخی لۆژیکیی بەر لە سیاسی دەکا. بەڵام کەڵك وەرگرتنی هابز لە چەمکی "سروشت" بە واتاکەی فوسیسی یۆنانی نیە، بەڵکوو ئەو بۆ سروشتی ئەژمارەیی بووی گالیلە و دێکارت دەگەڕێتەوە. "قانوونی سروشتی" کە هابز باسی لێوە دەکا نە سروشتێکی لوتکە گەرایە و نە سروشتێکی ئیلاهی. ئامانجی هابز دامەزراندنی فەلسەفەیەکی سیاسیی نۆییە کە تەواوکەری شۆڕشی گالیلەیی لە بواری کردەوەی فیزیکی دایە. هەر بۆیە، دەتوانین بڵێین کە "لویاتانی" هابز یەکەم هەوڵە لە پێناوی زانستی کردنی سیاسەتدا کە جێگای روانینی ئەرەستوویی لە سیاسەت و مرۆڤ دەگرێتەوە. هەر چەند لە لویاتان دا هابز "خەڵك دەکاتە سەرچاوە و رەوایی دامەزرانی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەڵام لەم بڕوایە دایە کە خەڵك لە بەرانبەر ئەو پەیمانەی لە گەڵ دەسەڵاتداریی دایدەنێن لە هیچ چەشنە ئازادییەکی سیاسی بەهرەمەند نین".

فەلسەفەی سیاسیی سپینوزا دەتوانرێ وەك هزرێکی دژە هابزی چاوی لێ بکرێ، چونکە بنەمای فەلسەفەی سیاسیی ئەو "ترس لە مردن" نیە، بەڵکوو لە سەر چەمکی "ئازادی"یە. لەو جێگایەدا کە هابز لە مەیلە تاکەکەسییەکانەوە دەست پێ دەکا، سپینوزا باس لە چەمکی Potentia بە واتای هێزی سروشتیی مرۆڤەکان دەکا، لە روانگەی سپینوزاوە ئازادی بنەما و بناخەی جەستەی سیاسییە و لوتکەی رێکخراوی سیاسی، ئازادیی خەڵکە نەك باڵادەستیی دەسەڵاتداران بەسەر خەڵکدا. هەر بۆیە، سپینوزا گوازتنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان بۆ کەسێك بە جۆرێك کۆیلەیی دەزانێ نەك ئاشتی. رەنگە هەر بەم هۆیە، لە روانگەی سپینوزاوە هێزی سروشتیی تاکەکان شتێکی دابەش نەبوو و لێك جیا نەکراوەیە، چونکە بە وتەی ئەو ئازادیی سیاسی پێویستییەکی سروشتییە.



مونتسکیوش هەروەك سپینوزا لوتکەی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن بە پرسی ئازادی دادەنێ. پرۆژەی مونتسکیو لە رۆحی یاساکان دا بریتییە لە بیرکردنەوە دەربارەی ئازادی و قەوارە بەخشین بەو لە چوار چێوەی قانونی بنەڕەتیدا. لە روانگەی ئەوەوە، ئازادی تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ پێویستیی قانوونەکان دا دەلوێ و ئەو شتەی ئێمە " قانون"ی پێدەڵێین لە راستی دا شتێك نیە بێجگە لە پێوەندیی ئارایی نێوان توخمە پێکهێنەرەکانی رێکخراوی مێژوویی سیاسی. پرسی مونتسکیو بە پێچەوانەی هابز و سپینوزا دانانی پەیمانی کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکوو هاوسەنگییەکی سیاسی لە کۆمەڵگە دایە. پرسیاری فەلسەفیی ئەو سەبارەت بە شێوەی دامەزراندنی جەستەی سیاسی نیە. فەلسەفەی سیاسیی مونتسکیو لە سەر بنەمای پرسیارێك دەربارەی دامەزراوەکان و بەتایبەت دامەزراوەی قانون بنیات نراوە. مونتسکیو لە خۆی دەپرسێ: "چ شتێك پێکهاتەی دامەزراوەیەکی سیاسی دیاری دەکا؟" و وڵامی ئەو بۆ ئەم پرسیارە، یەکیەتیی "سروشت" و "بنەواشە"یە. دەوڵەت لەلای مونتسکیو گشتێکی سروشتی و بنواشەییە. سروشت یان سروشتی هەر حکومەتێك لە گەڵ بنەما (بنەواشە) یەکتر دەگرێتەوە، بۆ وێنە ترس بۆ سەرەرۆیی و فەزیلەت بۆ کۆمار. بۆیە، بۆ پێك هێنانی هاوسەنگی لە دەوڵەت دا دەبێ سەرنج بدرێتە پێوەندییەکانی نێوان هێزە سێیانەکان و ئەوان بە شێوەی نێوەرۆکی لێك جیا بکرێنەوە. بە وتەی مونتسکیو لە دەوڵەتێك دا کە لەسەر بنەمای ئازادی هەڵکەوتبێ، هەر هێزێك رێگە لە بە رەها بوونی هێزێکی دیکە دەگرێ. هەر وەك کە دەبینین، فەلسەفەی سیاسیی مونتسکیو بۆ یەکەم جار لە سەر بنەمای جیاکردنەوەی کۆمەڵناسانە لە فۆرمە جوراوجۆرەکانی دەسەڵات هەڵ کەوتووە و مونتسکیو وەك کۆمەڵناسێکی مودێرن ئەم لێك جیاکردنەوە و چین بەندییەی بە گرنگی دان بە قانوونی بنەڕەتیی ئینگلستان لە بەرانبەر سەرەڕۆیی پاشایانە لە فەرەنسا دادەڕێژێ. مونتسکیو لە مۆدیلی گشتی و جیهانیی ئەوتۆ بۆ دەسەڵاتداریی سیاسی دەگەڕێ کە لە روانگەی ئەوەوە لە قانوونی بنەڕەتی ئینگلستاندا خۆی دەردەخا.

رۆسۆ کۆی چەمکی دەسەڵاتداریی دەخاتە بەردەم پرسیار. هابز، سپینوزا و مونتیسکیو، هەر سێکیان باس لە دەسەڵاتداریی خاوەن نێوبژیوانی دەکەن. بەڵام لەلای رۆسۆ رەوایی سیاسی لە سەر بنەمای دەسەڵاتداریی خەڵك نەك بنەواشەی نوێنەرایەتی هەڵ کەوتووە. لەم رووەوە روسۆ فیلسوفێکە مودێرن بە گیانێکی کلاسیکەوە، چونکە هەوڵ دەدا کە ئەزموونی یۆنانی کەونار لە مودێرنیتەی سیاسی دا بەکار بێنێ. لەلای ئەو نوێنەرایەتیی سیاسی شتێك نیە بێجگە لە گەندەڵیی دەسەڵاتداری، چونکە لە روانگەی ئەوەوە ویستی خەڵك بابەتێکە دابەش ناکرێ. بنەمای ژیانناسانەی فەلسەفەی سیاسیی رۆسۆ "ویستی گشتی"یە. "ویستی گشتی" دەقێکی گشتییە کە زامنی ئازادیی هەموانە. کەواتە "ویستی گشتی" واتە ویستی خەڵك کە دەربڕی هزری خەڵك سەبارەت بە خەڵکە. بە واتایەکی دیکە، بە وتەی روسۆ کاتێك کە خەڵك بیر دەکەنەوە، بیرکردنەوەی ئەوان قەوارەیەکی گشتی بە خۆوە دەگرێ چونکە لە قەوارەیەکی گشتی دا بیر بە ئازادی دەکەنەوە. گومانی تێدا نیە کە روسۆ یەکێك لە گرنگترین تەوەرەکانی فەلسەفەی سیاسی مودێڕنەو ئامانجی کۆی هەوڵە فەلسەفیو سیاسییەکانی لیبرالیسمی دوای سەدەی نۆزدەیەم (کەسانێکی وەك بنژامین کونستان) بریتییە لە رەت کردنەوەی هزری سیاسی روسۆو تیۆری دیموکراسیی بە بێ نێوبژیوانیی ئەو.

لە روسۆ بەملاوە هاوکات لەگەڵ شۆڕشی فەڕەنساو ئاکامە فەلسەفیو مێژووییەکانی ئەو، قۆناخی مودێڕنیتەی سیاسی دووهەم دەست پێدەکا کە دەربڕینە فەلسەفییەکەی ئەو دەتوانین لە سێ فیلسوفی ئالمانی واتە کانت، فیشتەو هێگل دا تاوتوێ بکەین. ئەگەر ئەوە قبووڵ بکەین کە روسۆ بیرمەندێکە کە لە چوارچێوەی بیرۆکەی فەلسەفی دا (وەك ویستی گشتی) نەك لە چوارچێوەی دامەزراوەی مێژوویی دا (مونتسکیو) بیر لە تەواوەتی دەوڵەتی مودێرن دەکاتەوە، کەواتە دەتوانین ئاکام وەرگرین کە ئایدیالیسمی ئاڵمانیی کانت، فیشتەو هێگل هەوڵێکە بۆ سیستماتیزەکردنی ئەو بیرۆکەیەو دەربڕینی ئەو لە چوارچێوەیەکی میتافیزیکی دا. خوێنەرانی بیرتیژی کانت دەزانن کە جەستەی سیاسیو لوتکەی ئەو لەسەر بنەمای ئاوەزی رووتی کردەیی دادەڕێژێ. ئاکامی فەلسەفیی ئەم کارە دوو شتە: یەکەم، روانین لە ژیانی هاوبەشی سیاسیی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای هەق وەك بیرۆکەی بەرایی ئاوەزو دووهەم هێنانەگۆڕی چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان هاووڵاتیو دەوڵەت لەسەر بنەمای چەمکی هەق. لە ڕوانگەی کانتەوە ئەوەی کە ڕەهایەو دەبێ پێڕەویی لێبکرێ دەسەڵاتداریی قانوونە نەك دەسەڵاتداریی دەسەڵاتدار، چونکە قانوون بیرۆکەیەکی ئاوەزییانەیە کە ئاوەز بە شێوەیەکی سەربەستانە بە خۆی دەدا. پێڕەوی کردن لە قانوون بە واتای پێڕەوی کردن لە ئاوەزو ئاگادار بوون لە چەمکی "مرۆڤایەتی" یە کە وەك چەمکێکی گشتی ئێمە دەگەیەنێتە بیرۆکەی ئاشتیی بەردەوام. بە وتەی کانت ئاشتیی بەردەوام ئاکامی ڕەنگدانەوەی کارکردی ئاوەزی کردەییە. بە واتایەکی دیکە، فەلسەفەی سیاسیی مودێڕن بە روانین لە دەوڵەت وەك کارێکی سیاسی ئایدیای خۆی لە ئاشتیی مەدەنیو نێونەتەوەیی جێگرو بەردەوام دا دەدۆزێتەوە. بەم چەشنە، چونکە کۆمەڵگەی سیاسی لەسەر بنەمای هیچ چەشنە بنەواشەیەکی بەرزو لە پێشدا دیاری کراو هەڵ نەکەوتووە، کەواتە ڕەنگدانەوەی لە دەسەڵاتداریی ئاوەزمەندانەی خەڵك لە چوارچێوەی قانوون دا. لێرەدا دەگەینە فەلسەفەی سیاسیی هێگل کە خاڵی کۆتایی قۆناخی دووهەمی مودێرنیتەی سیاسییە.

ئامانجی هێگل ئاشت کردنەوەی بیرۆکەی رۆسۆیی دەوڵەت (کە لەسەر بنەمای ویستی گشتی بونیاد نراوە) لەگەڵ فەلسەفەی دیاردەناسانەی خۆی (کە ڕەوتی ئاوەز لە مێژوو) دایە. دەوڵەتی هێگل پێکهاتوویەکی مودێڕنو ئاوەزمەندانەیە، چونکە هەروەك کە دیتمان قانوون لە ڕوانگەی مودێڕنەکانەوە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی مودێڕنە. لە ڕوانگەی هێگلەوە دەوڵەتێك کە بەشێوەی ئاوەزمەندانە بیر لە خۆی دەکاتەوە لە چوارچێوەی تەواوەتێکی قانوونی یان قانوونێکی گشتی دا ئەم کارە دەکا. هەربۆیە، هێگل پێی وایە هەر شتێك کە ڕاستەقینەیە ئاوەزمەندانەیەو هەر شتێك کە ئاوەزمەندانەیە ڕاستەقینەیە. لە ڕوانگەی هێگلەوە، دەوڵەت خاڵی یەکگرتنەوەی ڕاستینەی مێژووییو ئاوەزی دیاردەناسانەیە. هێگل بە پێچەوانەی تیۆریستەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی لە بیری لێکدانەوەی "دۆخی سروشتی"دا نیە، چونکە نایهەوێ لەبارەی سەرچاوەی دەوڵەتەوە بیر بکاتەوە. لە لای هێگل دەوڵەت پێدراوەیەکی مێژووییو دیاردەناسانەیەو هەر بۆیە پێکهاتەی دەوڵەت هەمان دەوڵەتە. کەواتە هێگل سەرەتاو کۆتاییەکی مێژوویی هەیە. بە وتەی هێگل دەوڵەت ڕاستینەیە کە لەودا پاژەکێتیی تاك لەگەڵ گشتێتیی ئاوەز دەکەونە ئاشتییەوە. ڕەنگە هەر بەم هۆیەوە کە تەنیا دەوڵەت نەك کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێ لافی گشتی بوون لێبدا، چونکە کۆمەڵگەی مەدەنی فەزای ئابووریی کۆمەڵگە پێك دێنێ واتە سیستمی "پێویستییەکان"ەو ئازادی لە چوارچێوەی سیستمی پێویستییەکان دا نایەتە گۆڕێ. هێگل وەك ڕاستینەی" ئاکاری گشتی" باس لە فەلسەفەی سیاسی دەکا. ئاکاری گشتی یەکیەتیی نێوان " مافی دەرهەست" و" ئاکار" ە، واتە ئەو کاتەی کە هەق بە شێوەی سیستمی ئاکاری گشتی بە هۆی هاووڵاتانەوە دەبێتە کولتوور. کەواتە ئاکاری گشتی هاوئاستیی نێوان راستینەی وەدی هاتووی ئاکەکان (ئازادی) و پرۆسەی دروست بوونی هەقە. دەوڵەت ئاوەزمەندانەترین و دوایین قۆناخی دروستبوونی هەقە. بە وتەی هێگل دەوڵەت ئازادیی وەدی هاتوویە. هەروەك کە دەبینین بە بۆچوونی هێگل فەلسەفەی سیاسی قۆناخێکە لە پرۆسەی گشتیی رۆح و زەین کە بە شێوەیەکی دیاردە ناسانە ـ لۆژیکی لە مێژوودا دێتە دی. بەم چەشنە بە فەلسەفەی سیاسیی هێگل قۆناخی دووهەمی مۆدێرنیتەی سیاسیی کۆتایی پێ دێ. کەواتە هەروەك کە هایدگەر گوتەنی هێگل کۆتایی میتافیزیکی زەینییەتە، کۆتایی قۆناخێك لە فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرنیشە.

# برینەکان چووکەن و ریشەکەیان قووڵە!

کوێستان فتووحی

ڕۆژانە هەموومان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك مەسەلە دەبینەوە کە ڕەنگە بەلامانەوە زۆر ئاسایی بێ، ئەو مەسەلانەی چووکە دیارن و زۆرکەس هەر بیریشیان لێناکاتەوەو ڕەنگە پێکەنینیشیان بە کەسێکی وەك من بێت کە کردوونیەتە خەمی دڵی خۆی. بەڵام ئەگەر تۆزێك بە تێگەیشتنەوە لێیان بڕوانین و بیریان لێبکەینەوە، هەست دەکەین چ برینێکن! چووکە بەڵام قووڵ و ڕیشەدار. نەخۆشییەکی نێو دڵی کۆمەڵگەو هەموومان تێیدا زیان دەبینین.

***

مودیری یەکێك لە قوتابخانەکانی کچان بە دڵسۆزی بە کچە قوتابییەکانی وتووە بەو ڕێگەیەدا هاتوچۆ مەکەن، چونکە کوڕەکانی قوتابخانەی.... لەوێ دا لە چاوەڕوانی سەیارەدان! ـ یان بۆ نموونە دەوامی کچان بەیانانەو کوڕان پاشنیوەڕۆیان - مودیری قوتابخانەکە بە کچەکانی وتوە زوو بڕۆنەوە تا کوڕەکان نەگەیشتوون!! یان مامۆستا.... کە گوێی لە قاقای پێکەنینی کچەکانە دەچێ و دڵسۆزانە ئەزموونەکانی خۆی بۆ کچە قوتابییەکان باس دەکاو دەڵێ: خۆتان پارێزن با قسەتان پێنەڵێن کچ دەبێ شەرمن و بێدەنگ بێ! کچەکان ئارەزوویانە لە حەساری قوتابخانەکەیان وەرزش بکەن، بەڵام مامۆستاکانیان پێیان دەڵێن لە حەوشە هێمن بن با ناوخۆیی کوڕان لە حەوشەی ئەوبەرەوە چاوتان لێنەکەن! تۆپەکەتان نەکەوێتە حەوشەکەی ئەوان، خۆ ئەگەر تۆپەکەشتان تێکەوت نەچن بۆی!

***

پۆلێك کچی قوتابی و خوێندکار، جاروبار قاقای پێکەنینیان بەرز دەبۆوە، دەمویست بەلایاندا تێپەڕم بانگیان کردم و تێکەڵاوی گاڵەوگەپەکانیان بووم، لەم ڕێگەیەوە حەزم دەکرد ئارەزووەکانیان بزانم، هەریەك بە جۆرێك باسیان لە ئارەزوو خەمەکانی خۆیان دەکرد. ئارەزووی هەموویان سادەوساکارو پاك و بێگەردو سەرکوتکراو وەك خۆیان. "خۆزگە بچمە وڵاتێك کەس دەخالەت لە ژیانی کەسدا نەکات"، ناتوانی لەگەڵ نزیکترین کەسی خۆت پیاسەیەك بکەی، ئەمە کەی ژیانە"؟! "خۆزگە منیش کوڕ بوایەم بەس نیە بەکەیفی خۆیان دێن و دەچن کەسیش باسیان ناکات". ئەم خۆزگەو ئاواتانە لەچییەوە سەرچاوە دەگرێ؟

***

بۆ ئەوە لە ئاخ و داخی دڵی ژنانی ئەم وڵاتە بگەی جارێك بەسە ڕێگەت بکەوێتە نەخۆشخانە یان مەجلیسی پرسەو سەرەخۆشی، بەڵام ئەگەر پرێسکەی دڵیان بکەنەوە! ماوەیەك لەمەوبەر هاتوچۆی دوکتۆری ددانم دەکرد، زۆربەی ئەو کەسانەی سەردانی دوکتۆریان دەکرد ژن بوون. ئەوان تەنیا ئازاری ددان بێزارو عاجزی نەکردبوون، بەڵکوو هێندێك لەو ژنانە کە دەچوویە نێو ناخیانەوە، دڵیان پڕ بوو لە خەم و لە ئازار. لەلای دوکتور بە ٢ سەعات و ٣ سەعات دەبێ ڕاوەستی تا نۆرەت دێ، ڕۆژێك ژنێك لە نۆرەدا ڕاوەستابوو، سیمای دەموچاوی مەینەتی ڕۆژگاری پێوە دیار بوو، زۆری پەلە بوو، وتم ڕەنگە منداڵی چووکی بەجێ هێشتبێ، داوای لە چەند کەسێکمان کرد نۆرەی خۆمانی پێبدەین، وتم چیتە، منداڵی چووکەت بەجێ هێشتوە؟ وتی منداڵم نیە، شووم نەکردوە! بە پێکەنینەوە وتم کەوایە ئاسوودەی ئەی بۆ وا پەلەتە؟! ئاخێکی هەڵکێشا و وتی کچێ ئاسوودەی چی! بەدەست قسەی خەڵکەوە ئاسوودە ئەبین؟ وتم گوێ مەدە بەخەڵك تۆ بۆ خەڵك ناژیت. وتی خۆم و تەنیا خوشکێکم لە خانوویەك دا دەژین لە گەڕەکی..... کەمێك درەنگ بڕۆمەوە خەڵك هیچ، هەر براکانی خۆم هەزار قسەم پێ ئەڵێن. باوەڕم پێ ناکەن درەنگ نۆرەم بەرکەوتوە ، پێم ئەڵێن لە بەرەڵڵایەتی بووی! وتم مادام ئەونە دڵ پیسن بۆ لەگەڵت نایەن؟ وتی کچێ خوشکی خۆم برام قەت نەك بەدەردو مەرگمانەوە نەبوون قسەی واش بە من و خوشکەکەی ترم ئەڵێن بە بەردی بڵێی ئەبێ بە ئاو.



هەر برایە خوشکی بەدبەخت کردوە. دیار بوو زۆری ئازار لە دڵ دایە....

ئیتر باسی ئەو ژنەش ناکەم کە جارێکیتر هەر لەوێ دیتم و داستانی ژیانی هەوێساری خۆی بۆ گێڕامەوە، هاتبوو ددانەکانی جوان بکاتەوە بۆ ئەوەی بە قسەی خۆی هەوێکەی پێی گوێر بێ!! ژن چەند بە سەبرن!

هەر ئەمساڵ لە مەجلیسێکی پرسەدا بووم، هێندێکیان فرمێسکیان هەڵدەوەراند، بێگومان بەشێکیان بۆ خەمەکانی خۆیان دەگریان و هێندێکیشیان دوو دووو سێ سێ پێکەوە قسەیان دەکرد یەك دوو ژنی نەناسیاو لەپەنا منەوە دەردەدڵیان بۆیەکتر دەکرد، یەکیان دەستی توند بە سینگیدا داو دۆعای دەکرد: "ئۆە دوو برام هەیە ڕەبی هەردووکیان بە ڕۆژێك جوانەمەرگ بن! ژنێکی دیکە کە هەر لەپەنا ئەوانا وتی چۆن دڵت دێ دۆعای وا لە برات دەکەی؟! خێرا دەستی برد بۆ نێو سینگ و مەمکی و وێنەی گەنجێکی جوانی دەرهێنا و نیشانی دان و وتی لەبەر ئەوە. زانی گوێم لە قسەکانیانە بۆیە دەستی درێژ کردو وێنەکەی نیشان منیشدا. لێم پرسی ئەم کوڕە جوانە چیتە؟ وتی: "ئەوە کوڕ نیە! خوشکمە لەبەر ئەوەی جلکی پیاوانی لەبەردەکردو ئیشی پیاوانی دەکرد براکانم بە گوللە کوشتیان! ئاخەر بۆ ئەمە کەی تاوانە؟! دەستی بە گێڕانەوەی ژیانی خوشکە جوانەمەرگەکەی کرد: " ئەو خوشکەم هەر لە منداڵییەوە عەلاقەی بە جلکی کوڕانە بوو، کە گەورەش بوو هەر وابوو، پرچی کورت دەکردەوەو دەچووە نێو پیاوان. بەخوا ئەونە بەحەیاوناموس بوو، لە پیاوان پیاوتر بوو. ئیشی پیاوانی دەکرد وەستا بوو، دوو بنەماڵەی بەخێو دەکرد. ئاخێکی هەڵکێشاو وتی برا نامەردەکانم بە قسەی خەڵك کوشتیان. بەخوا کوێراییم دایە فنجانە چاییەکە بە دەستییەوە بوو گوللەیان نا بەسینگیەوە! ئەونە کوتیان کچ چۆن ئەبێ وابکا؟! ئەونە وتیان .... فرمێسکەکانی بەریز هاتنەخوارەوە....

***

تێپەڕینی کات داستانێکی لەم جۆرانەی لەبیر نەبردوومەوە، خاتووزین ژنێکی چەوساوە بوو لە دێیەکەی ئێمەو هاوسێشمان بوو، هەمیشە دەموچاوی شین هەڵگەڕابوو، منداڵ بووم لێم دەپرسی دادە خاتووزین ئەوێت بۆ شین بۆتەوە؟ هەر جارە شتێکی دەیوت: "دارم پێدا کەوت"، "کەوتم"، "چووم گیا بخەمەبەر دەمی مانگا سوور شاخێکی لێدام". هەموو ئەوانەم باوەڕ دەکرد. دیارە قەت لەلای دایکم نەمدەوێرا لێی بپرسم چونکە دایکم دەیوت تۆ فزوولی! ئەمە هەمیشە دووپات دەبۆوە، تا شەوێکیان لە پەنجەرەی ماڵی خۆمانەوە گوێم لە قیژەی خاتووزین بوو، دایکم ڕای کرد بۆماڵیان، دوایە لەگەڵ خۆی هێنای بۆ ماڵی خۆمان، هەموو سەروچاوی سووڕ هەڵگەڕابوو، دایکم پێی دەوت هیچ نیە ڕۆڵە گیان مەگری! ژن و مێرد شەڕیشیان ئەبێ! ئیتر زانم دەموچاوی دادە خاتووزین بۆچی هەمیشە شین و ڕەشە.

***

چۆن دڵم بەخۆمان نەسووتێ سادەترین ڕێسای ژیان لای ئێمە دەبێ بە ئارەزوویەکی دوورە دەست. دەبێ لە وڵاتانی پێشکەوتووو بەختەوەر ئەو وڵاتانەی ڕێزی مرۆڤایەتی دەزانن و یاسای دادپەروەرو یەکسان سەروەرە، کچە لاوەکانیان ئارەزووەکانیان چی بن؟ لەوێ ئەو ژنانەی لەلایەن مێردەکانیانەوە خیانەتیان لێدەکەن هیچ پاساوێك بۆ ژیان لەگەڵیان ناهێننەوەو بێ سێ و دوو لێیان جیادەبنەوە، بەڵام لێرە ژنی چارەڕەش بۆ ئەوەی زۆرتر زیان نەبینێ، بەناچاری ژیانی هەوێساری قبووڵ دەکاو زوو زووش هەنیەی دەکاو بەخۆی ڕادەگا بۆ ئەوەی دیق بە هەوێکەی بکا!! یان ...

چ پێکەنینییە ئەم ژیانە! ببوورن گریاناوییە.

ئێمەی ژن لەم وڵاتە ڕۆژانە چەندین جار لە ژیانماندا ڕۆحمان بەردباران دەکرێ و کەسیش شکایەتی نیە، دەڵێن بەردەکان چووکەن جا ئەوانە چین!!

---

## ڕۆژنە

# منداڵان و مافەکانیان لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی دا

عەلی بداغی

ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەر لە ئێرانی بندەستی ڕێژیمی ئیسلامی دا وەك ڕۆژی منداڵان دیاری کراوە، لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییش دا نیزیك بە تەواوی وڵاتانی سوسیالیستی و ٣٠ ئەیالەتی ئامریکا ڕۆژی ١ی ژووئەن وەك ڕۆژی جیهانیی منداڵان دەکەن بە جێژن و زۆر وڵاتی دیکەش هەن کە ڕۆژی ٢٠ی نوامبر، ڕۆژی پەسند کرانی کونڤانسیۆنی مافی منداڵانیان وەك ڕۆژی جیهانیی منداڵان بە فەرمی ناسیوە. لەو نێوەدا وڵاتی دیکەش هەیە کە ڕۆژی منداڵانی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ وێنە لە ژاپۆن ڕۆژی ٥ی مانگی مەی و لە هیند ڕۆژی ١٤ی نوامبر، ڕۆژی سەربەخۆیی ئەو وڵاتە وەك ڕۆژی منداڵان دیاری کراوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازییانەو پێك نەهاتنێکی گشتی لەسەر ساغبوونەوە لەسەر ڕۆژێکی دیاریکراو بەناوی منداڵان لە ئاستی جیهان دا، لە جێدا دیاریکردنی ڕۆژێك بەناوی منداڵان لە نێودەوڵەتان دا نیشانەی گرینگیدان بە ڕەوشی منداڵان و خوێندنەوەی منداڵان و ڕۆڵی کاریگەری ئەوان لە بنیاتنان و پێشڤەچوونی کۆمەڵگایەیی سالم و تەندروستە و پەسند کرانی کونڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵانیش دیارترین ئیرادەی جیهانی بۆ بەرگری کردن لە منداڵان و ئامادە کردنیان بۆ ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگای مرۆییە.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش لە ڕەشەممەی ١٣٧٢ی هەتاوی دا کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵانی بەدانانی پێش مەرجێك واژۆ کردوە، بەڵام جیاوازی و کەلەبەری یەکجار زۆری نێوان یاساکانی ڕێژیم و نێوەرۆکی کۆنڤانسیۆن، بە کردەوە پێشێلکاری مافی منداڵانی لە ئێران دا یاسامەند کردوە.

ئەو پێش مەرجەی کە "نێوەرۆکی کۆنڤانسیۆنەکە لە هەرکاتێك داو لە هەر بوارێك دا دژایەتیی لەگەڵ یاساو ڕێسا ئیسلامیەکان و یاسای نێوخۆیی وڵات بێ، ئێران لە جێبەجێ کردنی خۆ دەبوێرێ" وای کردوە کە ڕێژیم خۆی لە بەرامبەر هیچ کام لە بەندەکانی کۆنڤانسیۆنەکەدا بە دەروەست و بەرپرسیار نەزانێ.

هەرکام لە وڵاتانی واژۆکەی ڕێککەوتننامەو پەیماننامە نێونەتەوەییەکان دەروەست بە وەدەکرێن کە یاسا نێوخۆییکانی وڵات گونجاو لەگەڵ یاسا نێونەتەوەییەکان دابرێژین یان لەو چوارچێوەیەدا گۆڕانکارییەکان تێدا بکەن، بەڵام یاساکانی پێوەندیدار بە منداڵ و مافەکانیان لە ئێران داو تەنانەت دوای ١٥ ساڵ پەیوەستبوون بە کۆنڤانسیۆنی جیهانی مافی منداڵانیش هەروا لە دژی منداڵان و ناتەبا لەگەڵ ڕێووشوێنەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنەشە کە ئێران خۆی بە دەروەست لە بەرامبەر جێبەجێ کردنی دا زانیوە.

یەکەمین گرفتی پێناسەو جێبەجێ کردنی مافی منداڵان لە پێناسەی چەمکی منداڵیو پێناسەی جیاوازی ئەو چەمکە لە ئەدەبیاتی سیاسی - ئایینی و کۆمەڵایەتیی لە ئێران دا دەست پێدەکا:

بەپێی ئەو تەعەهودەی ئێران بە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی داوە، منداڵان هەموو ئەو کەسانەن تەمەنیان خوار ١٨ ساڵە، بەڵام لە یاسای کاری وڵات دا منداڵان ئەو کەسانەن کە ١٥ ساڵیان تەواو نەکردوەو هیچ خاوەن کارێك بۆی نیە وەبەر کاریان بنێ. لە گۆشەنیگای شەرعییەوە منداڵان، کچانی تەمەن ٩ ساڵ و کوڕانی هەرزەکاری خوار چواردە ساڵن، لە ڕووی سیاسیشەوە منداڵان کەسانی ژێر ١٦ ساڵن و بۆیان نیە لە هەڵبژاردنەکانی وڵات دا بەشدار بن، لە یاساکانی " دابین کردنی کۆمەڵایەتییش دا منداڵانی بیمە کراو دەتوانن لە خزمەتگوزارییەکانی بیمە بەهرەمەند بن بەو مەرجانەی کە سەڵت بن و کچ ٢٥ ساڵ و کوڕەکانیش ١٨ ساڵیان تەواو نەکردبێ. لە یاسای ئامارگیری وڵاتیش دا منداڵان کەسانی خوار ١٠ ساڵن.

هەر ئەو کۆك نەبوون لەسەر دیاریکردنی تەمەنێکی تایبەت بە منداڵان وای کردوە کە زۆربەی لایەنە بەرپرسیارەکانی پەروەردەو مافی منداڵان خۆ لە بەرپرسایەتی یان لە حاند منداڵان بدزنەوە.

جیا لەوەش یاساکانی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ناتەبا بوونیشیان لەگەڵ یەکتری پڕواپڕن لە ڕەوایی دان بە چەوساندنەوەی منداڵان و پێشێلکاریی مافەکانیان. منداڵانی ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی حوکمی ئیعدامیان لەسەر جێبەجێ دەکرێ، بە پەروەردەیەکی ئیدئۆلۆژیکی و ناسەردەمیانە گۆش دەکرێن، وەبەر کار ئەویش کاری قورس دەنرێن، ڕێژەی منداڵانی سەر شەقام هەر دێ و زیاتر دەبێ، ئیعتیاد لە نێو منداڵان دا بۆتە شتێکی ئاسایی، چالاکیی باندەکانی سێکس و بازرگانی کردن بە منداڵ تادێ پەرە دەستێنێ، نیزیك بە ٣/٥ میلیون منداڵ لە پەروەردە و خوێندن بێبەش، یان لێی دابڕاون، بەپێی لێکۆڵینەوەی یۆنیسێف و وەزارەتی بێهداشت ٢٥٪ی منداڵان ٦تا ١١ ساڵ و ٩ لە سەدی منداڵانی ١٢تا ١٦ ساڵ لە ڕووی جەستەییەوە ئازار دەدرێن و هیچ لایەنێکیش خۆی لە بەرامبەر توندوتیژی نواندن دژی منداڵان بە بەرپرسیار نازانێ.

خۆ لە جێدا بارودۆخی منداڵانی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەشی گەلێ نالەبارترو چەند قات دڵتەزێنتر لە منداڵانی دیکەی ئێرانە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەر وەکوو ڕۆژی منداڵان جێژن دەگرێ، بەڵام منداڵان خۆیان و ئەو ئامارانەی لە پێوەندیی لەگەڵ ڕەوشی منداڵان دا بڵاو بوونەتەوە، زۆر بەباشی تەعبیر لەو دۆزەخە دەکەن کە کۆماری ئیسلامی بۆیانی پێك هێناوە.

# لە یادی شەهید عەبدوڵڵا شەریفی*

حوسێن حەدداد



دوێنێ شەوێ لە خەونمدا، لە کانیەگوڵان تووشی پۆلێك پێشمەرگە بووم، تفەنگ لەشان، لاله بە دەست،چاو کراوە، گوێ لە سەر هەست! لە شوێن کاك عەوڵای دەگەڕان؟ شەو تاریك بوو نەم دەناسین، بەڵام دەنگیان نامۆ نەبوو، گوتم خالید ئەوە ئەتۆی؟ لوقمان، سیاوەش، کاك جەواد، سەید کەریم، کاك خدر، کوڕم هەباس* بۆ نازانن؟ کاك عەوڵا تەنیا هەڵۆی قەندیل نییە، دۆڵەکۆگێ و جاسووسان و لانك و گیارەنگ، پڕکانیان و کێلەو بولفەت، هۆمل وباژاڕ، گردەسووری پشتی سەردەشت، زمزیران و هەردوو کورتەك، چیای مامەندە و ئاوی سپی و چیای کوڕەك، حاجی کێمی و چیای سیسێرو پشتی نستان، مەیدان چووغە یان بەردووکەو یا جانداران، بۆ کاك عەوڵا هەر یەکسانە، چونکە هەڵۆی کوردستانە!

گوتیان! مام حاجی گلاوە، خدرەسوور گوتی شەهید بووە، کاکە شوان دەڵێ نەماوە، گوتم براینە گۆڕستانی شەهیدانمان لێ نزیکە من دەچم هەواڵێك دێنم. چوونکە شەهید لە ڕووداوان بەخەبەرن، بۆ هەواڵان وەکوو دەزگای کامپیۆتەرن. گوتیان بڕۆ زوو وەرەوە، هەواڵێکمان بۆ بێنەوە خۆم گەیاندە سەر گۆڕەکان، فاتیحەم خوێند پاڕامەوە! دوایی چوومە ڕاست ئەو شوێنەی کە کاك سەعید بۆچلەی قاسملووی نەمر قسەی لێ دەکرد. دیتم فەرشێك وەك تارای سوور ڕاخراوە، سی چل گوڵدان گوڵە هەڵاڵە و گوڵەباخی سووریان تێ خراوە. سی چل شەهیدی سپیپۆش ئارمی حیزبیان لە سینگ داوە، کاك حەسۆ بەرێوەبەرە، کاك جەلیل لای ڕاوەستاوە، لە سەر بەرماڵێکی سپی ماموستا گەردی دانیشتووەو قورئانی لای خۆی داناوە. سڵاوم کردو دوای فاتیحە پرسیم ماموستا چ باسە؟ بە زەردە جوابی دامەوە! فەرمووی درەنگ هاتی، هەر ئێستاکە قازی و قاسملووو کاك سەعید، لەگەڵ کاك عەوڵای قادری و کاك فەتاح و دەیان شەهید، هاتبوونە سەردانی ئێمە، میوانداریمان لێ کردن، قسەوڕاێژمان لەگەڵ کردن، کە ڕۆییشتن گوتیان پێمان، ئێوە کۆڕێك وەڕازێنن، میوانەکان بەخێر بێنن، بەڵام ئەگەر کوڕەکان هاتن بۆ شوێن کاك عەوڵای شەریفی، بۆ هەواڵ و خەبەر زانین.. پێیان بڵێن کاك عەوڵا، لە لای کاك هەژار میوانە، لەگەڵ چرچەو خدرەسوورو.. کاك شوانە. بەو خەبەرە لە شیرینخەو ڕاست بوومەوە، لە دەورو بەری خۆم ڕووانی زانیم شەوە. کەوتمە لێکدانەوەی خەون، هەڵ فڕیمە بۆشایی کەون، گوتم بەخوای کار تەواوە، کاك عەوڵا شەهید کراوە!

تاکوو ئێستا، هەرگیز خەونم بە کاك عەوڵاوە نەدیوە.

تێبینی! * ئەو حەوت ناوە هەموویان پێشمەرگەی شەهیدی هێزی شەهید پێشەوان.** کاك حەسۆو ماموستا گەردی و جەلیل مامایی (جەلیل عەجەم) سێ شەهیدی کارەساتی تەقینەوەی نێوان ئێندزێ و بۆلێن کە هەرسێیان لە قەبرستانی شەهیدانی بۆلێ نێژراون.

** ئەم پەخشانە ڕۆژێك دوای شەهیدبوونی کاك عەوڵا دانراوە

# سەر هەڵێنە

مونیرە نەزمی (هاوسەری شەهید قادر نەزمی)

سەر هەڵێنە هاوسەرەکەم
مێهرەبانیت فێری ژیانی کردووم
دووریی هەناسەی سەوزی تۆ فێری گریانی کردووم
ئاسمان تووشە و من ئەترسم لە رەهێڵە
بگەڕێوە لەم وەرزەدا کۆرپەی ساوات جێ مەهێڵە
بگەڕێوە ئەی هەناسەی هەمووکات و ساتی ژیانم
ئەتۆ برینێکی گەورەی لە سەر دڵی نیشتمانم
بگەڕێوە ئازیزەکەم تۆ خۆا مەڕۆ
برینی من بە ژانترە لە زامی تۆ
تۆ نامری چونکە میللەت لە دڵیاندا هەڵیان گرتووی
تۆ شەهیدی کوردستانی
قەت نامری
هەردەم زیندووی

# ناڵەی پێشمەرگەیەک

ئاسۆ خەبات



ئەمشەو ناڵەناڵ دێ، دەنگی بریندارێ دێ
بەدەم ژانەوە دەڵا، ناڵەی ئەوینداری دێ
دەڵێ بۆچی لەم خاکە کەڕن لە حاستی دەنگم
روخساریشم دەبینن کەسێ نالێ چ رەنگم
بۆچی هەڤاڵێ نایە، هەواڵم بەرێ بۆ یار
بۆچی هەڵ ناستێ کەلوێ، تێکەڵ بێ بە زرێیار
ئەمڕۆ هۆ پەپوولەکان، بۆ لە گڕی مۆم نیشتن
عاشقانی گڕپەرەست، بۆ سووتان و رۆیشتن
دەکوردە سەر هەڵ بڕە، لە مێژت ناوە ئەژنۆ
ماڵ نیە ئازیزێکی ئەسپاردبێ بە گڵکۆ
ئەی خوشک و دایکانی کورد،
بۆ دەگێڕن گەرمەشین
ئەی براو باوکانی کورد، کوانێ بزە و پێکەنین
هۆ شوانە شمشاڵەکەت، بۆ ئاوێتەیە بە خەم
تووخوا گۆڤەندی لێ دە، با خەندە لە لێو دەرخەم
هۆ پیری جوان وچەلەنگ، کوا کانی تینووی ئاوم
من پێشمەرگەم پێشمەرگە، هاوسەفەری هەتاوم
دەبێ لەگەڵ خۆر هەڵیم، چاوەڕێن کۆرپەکانم
ئەمشەو بێ من ناخەون،جەرگ و هەناوەکانم
نا نا دەچمەوە ئەمشەو، بە یارم داوە بەڵێن
هەڵی دەستێنم لە خەو، تا نەبم پەیمان شکێن
ئێستا هاوسەنگەرانم، تامەزرۆی هاتنەوەمن
خەم دەخۆم کە وا بە شین، لە خەمی ئەو، خەوەمن
ئاخ کە چەندە بەژانە، دابڕانم لە نیشتیمان
نیشیمان نەمبوو لەڕێت، شتێ بەرزتر لە گیان
هۆ شەمالی کوردستان، بمژێنە تاوێکی تر
تاکوو وەسرم ئەسرینی، جەرگ سووتاوێکی تر
نا بۆ خەوم زوویە، گەلم هێشتا ژێردەستە
هەستە جەستەی خوێناویم، هەستە لەگەڵم هەستە
یانێ کاتی خەوتنە، دەبێ جێ بێڵم ولآت
یانێ مەرگ دام ئەبڕێ، لە کۆڕی گەرمی خەبات
یانێ چەکی پێشمەرگە، ئیتر نیە لە شانم
مەرگ لە تۆ ناترسم، بۆ گەلم پەرێشانم
داخەکەم تیری زاڵم، سینگی بڕیوی کاکە
خەلآتی ڕۆڵەی وەتەن، ئەسرین و خوێن و خاکە
دەبینی گەل بۆ خەمت، دەگری لە بەر خۆیەوە
هەتاو رووی نیە لە دووت با بەکەل و ئاسۆیەوە
دایە چۆن شیوەن نەکەم، سێ برام وەسەر کەوتن
کەی عەهدی ئێمە وابوو، بۆچی بە بێ من خەوتن
ئەی هەڵۆی لانە غەریب، لانەکەت با هەڵۆیە
جوانانی باڵ نەگرتووت، چاویان لە ڕێگەی تۆیە
دە باڵ بگرە ئەمجارەش، با رەش بێ رووی قەلییان
باوکی خۆیان ناناسن، کە بوونە دژی گەلیان
دەڕابەوە دووبارە، رابوون فێری گەل بکە
باڵ بگرە بە برینداریش، فڕین فێری مەل بکە
ئەی فەرماندەی قارەمان، هیچرەتت گەلێ زوو بوو
تۆ کە دڵی خوێنینت پڕ هیوا و ئارەزوو بوو
چوار کیژی دڵ بە هیوات، دەڵێن بابە دێتەوە
بڕوا ناکەن کە باوکیان، تازە ناگەڕێتەوە
نەمامی شلک و خاوەن غەمت، ڕشی پێ پۆشین
تۆ ماڵت لێ چۆڵ کردن، ژانی مەرگت پێ نۆشین
شەهید قادری ئازا، زۆرت دی چەرمە سەری
کە کۆرپەت بوو لە دایک، بڵێم لە کام سەفەری
چ وەڵامێکم هەبێ، کە هاتوو داوای کردی
پێی دەڵێم تۆ ژیان بووی، شەپۆل لەگەڵ خۆی بردی
لاوە جوانە مەرگەکەم، دیاری چ بدەم بە یارت
وێنەیەکی پێ ئەدەم، لە رووخساری بریندارت
دەڵێم ئەو لاوە کوردە، وەکوو خۆی تۆی خۆشدەویست
ئەو لە پێناوی گەلا، تۆی جێ هێشت و خۆی نەویست
سێ تێکۆشەری ئازا، سێ جەستەی پڕ لە برین
دڵی نەتەوەیەکیان، پڕ کرد لە عەشق و ئەوین
بۆیە گەلی کورد دەڵێ، بەڵێن بێ تا بمێنین
لە پێدەشتی کوردستان، تۆوی شۆڕش دەچێنین
بە هەر دڵۆپە خوێنێک، سەدان گوڵ دەپشکوێنین
لە سەر هەموو مەزارێک، ئاڵآی کورد دەشەکێنین
هەروەک شەهیدانی گەل، ئەی رەقیب دەڵێینەوە
رۆڵەی کوردین وەک پۆڵآ دەشکێین ناچەمێینەوە
تا دوژمن لەسەرمان دا، سوورترین بۆ سەرکەوتن
هەتا پێشمەرگە مابێ، دوورترین لە پێی کەوتن

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No: 495 6 Oct 2008

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 12303 - Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لەماڵاوایی

# گۆڕان لە فۆرم و جۆری لەنێو بردن دا!

قادر وریا

کوشتنی بێ عوزرو بیانووی خەڵکی بێتاوان لە کوردستان لەلایەن دامودەزگا و هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، شتێکی تازە نیە و، بە درێژایی تەمەنی ئەو ڕێژیمە، لە شکلاً و شێوەی جۆراوجۆردا دووپات بۆتەوە.

هێندێك لەو تاوان و جینایەتانە، بە بیانووی سنووربەزاندن، هێنان و بردنی کەلوپەلی قاچاخ ئەنجام دەدرێن و، قوربانییەکانیان، خەڵکێکی زەحمەتکێش و کەم داهاتن کە ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان لە ڕێگای کۆڵکێشی و هاتوچۆی سنوورەکان، بەڕێوە دەبەن.

بەشێکی بەرچاو لەو خەڵکەش کە لە درێژایی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا لە کوردستان، گیانیان لێ ئەستێندراوە ئەوانە بوون کە لە ستەم و دەستدرێژییەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و هێزە جینایەتکارەکانیان وەزاڵە هاتوون و بۆ دەربڕینی بێزاریی خۆیان، پەنایان بردۆتە بەر خۆپێشاندان و، لە ئاکام دا کەوتوونە بەر دەسرێژی چەکی هێزە سەرکوتکەرەکان.

ڕێژەیەکی زۆر لە قوربانییەکانی تاوان و جینایەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لەو کەسانە پێك دێ کە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشدار لەو بزووتنەوەیەدا، ڕەوانەی زیندان کراون و لەژێر ئازار و ئەشکەنجە، یا بەدوای موحاکەمەیەکی سەپێندران، بە مەرگ مەحکووم کراون.

شاراوە نیە کە هەزاران کەسیش لە سۆنگەی شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردستان دا بەهۆی ئاگرو ئاسن باراندنی فڕۆکەو تانگ و تۆپ و چەکە قورسەکانی دیکەی ئەرتەش و سوپای ئەو ڕێژیمە بەسەر خەڵکی شارو گوندەکانی کوردستان دا، گیانیان لەدەست داوە. جاری واش بووە نەك وێرانیی شار یا گوندێك بەڵکوو راست قەلاچۆی دانیشتوانیان مەبەست بووە. کە وەك نموونە دەتوانین ئاماژە بە کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی گوندەکانی قارنێ، قەڵاتان، ئیندرقاش، سۆفیان، سەروکانی و هتد بکەین.

بەم هەموو تاوان و جینایەتەشەوە کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە ڕۆحی مت بوون و خۆبەدەستەوەدان بە سەر خەڵکی کوردستان دا زاڵ بکاو کۆتایی بە خەباتی ئازادیخوازی و بەربەرەکانیی بە حەق بە دژی کۆماری ئیسلامی بێنێ. هەر بۆیە ماوەیەکی زۆرە لە ڕێگای دەزگا ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکانەوە قۆڵی لە چاندنی تۆوی مەرگی بەرەبەرەی لاوان و مێرمندالانی کوردستان هەڵماڵیوە. بڵاوکردنەوەی ماددە بێهۆشکەرەکان لە نێو لاوانی کوردستان لە ڕێگای دەست و پێوەندەکانی دەزگای سەرکوت و جاسووسییەوەو، بوار ڕەخساندن بۆ تێوەگلانی ئەو توێژە لەم بەڵا ماڵوێرانکەرەدا، شەڕێکی پڕقوربانیی دیکەی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی کوردستانە کە بەداخەوە، زیانی زۆری بە سڵامەتیی کۆمەڵگە گەیاندوە.

ڕوخسارێکی دیکەی تاوان و جینایەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، ئەو تیرۆرانەیە کە بە شێوەی قەتڵە زنجیرەییەکان ئەنجام دەدرێن. ئەم ڕێژیمە لە دەیەکانی رابردوودا، پێ بە پێی تیرۆری نەیاران و جیابیران لە دەرەوەی وڵات، لە نێوخۆی وڵاتیش بە بەرنامە، چالاکانی سیاسی، رووناکبیران و کەسایەتییە فەرهەنگی و ئایینییە ئازادبیرەکانی ڕەخنەگری دەسەڵاتی، لە نێو دەبرد. چڵە پۆپەی ئەم تیرۆانە لە نێوخۆی وڵات دا، لە دوو ساڵی یەکەمی سەرکۆماری محەمەد خاتەمی دا بوو کە کۆمەڵێك کەسایەتیی وەك داریووش و پەروانەی فەرووهەر، محەمەد موختاری، جەعفەر پوویەندەو چەند نووسەری دیکە یەك بە دوای یەك دا لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە لە نێو بران. مەلا محەمەد ڕەبیعی کە پاییزی ۱۳۷٥ بە شێوەیەکی گوماناوی لە کرماشان، گیانی لێئەستێندرا یەك لە قوربانییەکانی ئەو قەتڵە زنجیرەییانە بوو..

ئەگەرچی بێسەرو شوێن کردن و کوشتنی بە نهێنی و گوماناویی چالاکانی سیاسی و ناڕازییان لە دەسەڵات یا مراندنیان بە دوای هاتنەوە لە زیندان دا، هیچ کات لە بەرنامەی دەزگای ئیتلاعات و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان وەلا نەنراوە، بەڵام ماوەیەکە ئەم جۆرە لەنێوبردنەی بەرهەڵستکاران و ناڕازییان لە کوردستان رووی لە زیادبوون کردۆتەوە. مەرگی گوماناویی ئەشرەف حوسێن پەناهی برای چالاکی مەدەنیی بەندکراو ئەنوەر حوسێن پەناهی، هێرش بۆ سەر وێبلاگنووس و ڕەخنەگر داوود ئازادفەر بە نیەتیی کوشتنی لە مەهاباد، تیرۆری دوو مامۆستای ئایینی، مەلا ئەبووبەکر تینا (لە مەهاباد)و مەلا ئەبووبەکر قادریانی (لە پیرانشار) تازەترین نموونەی لەو جۆرە کوشتنە گوماناوییەن.

لە راستی دا، ئەوەی لە ماوەی ۳۰ ساڵی رابردوودا لە پێوەندیی کۆماری ئیسلامی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، گۆڕانی بە سەر هاتووە فۆرم و جۆری دوژمنایەتیی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ خەڵکەکەیە. ئەگینا هەم خەڵك هەروا لە سەر هەڵوێستی خۆیانن کە داوا کردنی مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانیانەو، هەم کۆماری ئیسلامی لە سەر سیاسەتی پێشووی خۆی دەڕوا کە دوژمنایەتی کردنی ئەو خەڵکەو لەنێوبردنیان بە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆرە.

# بەشداریی شاندێکی راگەیاندنی حدک لە ڕێوڕەسمی پرسەی گۆران عومەردا



دوانیوەڕۆی شەممە ١٤ی ڕەزبەر شاندێکی کۆمیسیۆنی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی پرسەی گۆران عومەر پێشکەشکاری تەلەڤیزیۆنی کوردسات، لە شاری سلێمانی بەشداریی کرد.

شاندی ناوبراو وێڕای بەشداریکردن لەم پرسە و ماتەمینەدا، پەیامی تەلەڤیزیۆنی کورد کاناڵی گەیاندە بنەماڵەی لاوی جوانەمەرگ گۆران عومەر و بەڕێوەبەرانی تەلەڤیزیۆنی کوردسات کە تێیدا لە دەستدانی پێشکەشکارێکی بە توانای وەك گۆران عومەر بە خەسارێکی بەرچاو بۆ راگەیاندنی کوردی و بەتایبەت تەلەڤیزیۆنی کوردسات دانرا بوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە هەزاران کەس لە هاونیشتمانانی کورد و سەدان کەس لە کەسایەتییە حیزبی و حکوومی و فەرهەنگییەکان بەشدار بوون شاندی کۆمیسیۆنی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەها لەلایەن سەرجەم کادرەکانی راگەیاندنی حیزبەوە سەرەخۆشیان لە بنەماڵەی گۆران عومەر پێشکەشکاری بە توانای تەلەڤیزیۆنی کوردسات کرد.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە گۆران عومەر یەکێك لە پێشکەشکارە لاوە سەرکەوتووەکانی کاناڵی ئاسمانیی کوردسات بوو کە ڕۆژی پێنج شەممە ١٢ی ڕەزبەر لە ڕێگەی کۆیە - هەولێر لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانی لە دەست دا.

# دەرەوشانەوەی مۆسیقیی کوردی و کامکارەکان لە لەندەن



ئەم ساڵ چوارەمین ساڵە کە کۆمەڵەی فەرهەنگی هونەریی باربیکن لە لەندەن بەبۆنەی مانگی ڕەمەزان و بە مەبەستی نیشاندانی نەریتە مۆسیقییەکانی وڵاتانی ئیسلامی بانگێشتی گرووپە مۆسیقییە ناسراوەکانی ئەم وڵاتانە دەکەن بۆ ئەوەی لە فیستیڤاڵی شەوانی ڕەمەزان دا بەشداری بکەن .

گرووپی کامکارەکان کە لە بەناوبانگترین و دیارترین گرووپە مۆسیقییەکانی کوردستان و ئێرانە بە ئامادە بوون لەم فیستیڤاڵەدا مۆسیقیی کوردیی پێشکەش کرد. ئەم گرووپە لە حەوت براو خوشکێك لە بنەماڵەی کامکار پێکهاتووە.

دیارە چەند ساڵێکە سەبا کچی هووشەنگ کامکاریش لە زۆربەی نواندنەکانی ئەم گرووپەدا وەك گۆرانیبێژ دەردەکەوێ. سەبا لاوترین ئەندامی گرووپەکەیە. قەشەنگ و سەبا کامکارو مریەم ئیبراهیم پوور ئەو سێ ژنە بوون کە لەم نواندنەدا برایانی کامکاریان هاوڕێیەتی دەکرد.

کارەکانی گرووپی کامکارەکان هاوئاهەنگ و جوان بوون و لەگەڵ پێشوازیی گەرمی ئەو بینەرانە بەرەوڕوو بوون کە هەموو کۆرسییەکانی هۆڵەکەیان پڕکردبوو.

# سێیەمین خولی فیستیڤاڵی شانۆی سەر شەقامی مەریوان بەردەوامە

سێیەمین خولی فیستیڤاڵی شانۆی سەر شەقامی مەریوان کە ڕۆژی ١٢ ی ڕەزبەر دەستی پێکردوە، تا ڕۆژی ١٥ ی ڕەزبەر بەردەوامە . لە ڕۆژی یەکەمی فیستیڤاڵەکەدا ۳۷ شانۆگەری لە گۆڕەپانە سەرەکییەکان، پارکەکان و قوتابخانەکانی شاری مەریوان بە هەر دووك زمانی کوردی و فارسی نیشان دران.

شایانی باسە فیستیڤاڵەکە بە نیشاندانی شانۆگەریی " خاطرات سیگار " (بیرەوەرییەکانی سیگار) لە نووسین و دەرهێنانی فاتح بادپەروا بە زمانی کوردی لە گۆڕەپانی ستادیۆمی شاری مەریوان دەستی پێکردو لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی باشی لێ کرا.




# بەرهەمی چەند سینەماکاریکی کورد لە فیستیڤاڵێکی کولۆمبیا نیشان دەدری

٤ کورتە فیلم لە بەرهەمهێنانی هونەرمەندانی سینەماکاری کورد لە بەشی کێبڕکێی کورتە فیلمەکانی بیست و پێنجەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی لە وڵاتی کولۆمبیا نیشان دەدرێن. ئەم فیستیڤاڵە ڕۆژی ١ی ئۆکتۆبر دەستی پێکردوە و تا ڕۆژی ٩ی ئۆکتۆبر بە نیشاندانی کۆمەڵێك فیلم لە سینەماکارانی سەرانسەری دنیا درێژەی دەبێ.

بەرهەمی سینەماکارانی کورد کە لە بەشی کێبڕکێی کورتە فیلمەکانی بیست و پێنجەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی "بۆگۆتا"دا لە وڵاتی کولۆمبیا نیشان دەدرێن، بریتین لە: کورتە فیلمی "تاران ۳۱۸" لە دەرهێنانی "سۆران مەردووخی" لە شاری سنە، کورتە فیلمی "در کوچە باد می‌یێد" واتە "لە کۆڵان بای دێ" لە دەرهێنانی دیاکۆ یەزدانی لە شاری سنە، کورتە فیلمی "پسر زیبای من پادشاه می‌شود" واتە "کوڕە جوانەکەی من دەبێتە شا" و کورتە فیلمی "تمام زندگی من" واتە "تەواوی ژیانی من" لە دەرهێنانی سالم سڵەواتی لە شاری سنە..

بیست و پێنجەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە



فیلمی "بۆگۆتا" لە چەندین بەشی جۆراوجۆردا بەڕێوە دەچێ، لەوانە: بەشی کێبڕکێی فیلمە دیکۆمێنتییەکان، "فیلمە دیکۆمێنتییە هونەرییەکان"، " کورتە فیلمەکان"، فیلمە درێژە سینەماییەکان"، "فیلمە ڤیدیۆییەکان"، "ئەنیمەیشێن"، "فیلم بۆ منداڵان" و هەروەها "بەشی چاوخشاندنی فیستیڤاڵ کە تایبەتە بە سینەمای ئەڵمان.

# بەڕیوەچوونی ڕێوڕەسمێکی هونەری لەلایەن کۆمەڵەی ڤەژینەوە



ڕۆژی هەینی (١٢ی ڕەزبەر) کۆمەڵەی ڤەژین بە هاوکاریی بنیاتی پشتیوانی لە ڕێکخراوە سینفییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە مەبەستی ڕێزگرتن لە چالاکییە هاوینییەکانی ئەم کۆمەڵە ریورەسمێکی هونەری بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە بەشداریی کیژان و کوڕانی سەر بە کەمپەکانی حیزب پێک هات و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کادرو پێشمەرگە لاوو خاوەن بەهرەکان بەشدار بوون، سەرەتا پەیامی کۆمەڵەی ڤەژین خوێندرایەوە. پاشان گۆرانییەکی فۆلکلۆری لە لایەن کەیوان ئەمینییەوە پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا تیپی شانۆیی یەلماز گۆنای شانۆیەکی پانتۆمیمی پێشکەش کرد.

لە درێژەی بەنامەکاندا سروش و مەهدی، دوو تازە لاوی بەشدار بە دوو قۆڵی گۆرانییەکی فۆلکلۆرییان پێشکەش کردو دواتر هونەرمەندی زەرب ژەن چالاك مەحموودیان بەرهەمێکی تاکژەنیی پێشکەش کرد. نێوئاخنێکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە هەڵپەرکێی کیژان و کوڕانی تیپی هەڵپەرکێی کوردستان بوو. ڕێوڕەسمەکە بە هەڵپەرکێی گشتیی بەشداران کۆتایی پێهات.

# جەننەتی لە خوتبەکانی نوێژی هەینیی تاراندا: خوداوەند ئەمریکای لەباری ئابوورییەوە سزا داوە



ئەحمەدی جەننەتی ئەندامی شووڕای نیگابان گرفتە ئابوورییەکانی ئەمریکای بە سزای خوداوەند دانا و وێڕای دەربڕینی خوشحالی لە تەشەنە کردنی ئەو گرفتانە بۆ ئورووپا وتی: "ئەوانە بە پاداشی کارە خراپەکانی خۆیان دەگەن. ئەم گرفتەی ئەمرۆ تەشەنەی کردۆتە ئورووپا جێگای خۆشحاڵی ئێمەیە. هەرچی ئەوان نارەحەتتر بن ئێمە خوشحاڵترین."

جەننەتی دواتر هەڵاوسان و گرانیی ئێستای وڵاتی بۆ دنەدانەکانی یەکێك لە باڵوێزەکان لە ئێران گەڕاندەوە و بە پێداگرتن لەسەر ئەمە کە "ئەمە سیاسەتێکی جیهانییە وتی: باڵوێزێکی چەپەلاً لە ئێران دەژی کە ناوەکەی ناڵێم بەڵام شتەکە باس دەکەم بۆ ئەوەی بزانێ بابەتەکە ئاشکرا بووە. ئەو کەسە ماوەیەك لەوەپێش ڕۆیشتە ئینگلیزس و ئەمریکا، دوای ئەوەی بۆ ئێران گەڕایەوە لە دانیشتنە تایبەتییەکاندا وتی: بە دروستکردنی قەیران دەبێ مەبەستەکانمان بەرەوپێش بەرین و مەبەستی قەیرانی ئابوورییە.

وادیارە ئێرانیش قەیرانی ئابووریی هەیە. بەڵام سەیرە قەیرانی ئابووریی ئێران لە پیلانی بێگانەوە سەرچاوە دەگرێ و هی ئەمریکاش پاداشی خوداییە!!